چەپکێک لەمێژووی کورد

# گەشتەکەی فرەیزەر

بۆ کوردستان و میسوپوتامیا ))

ساڵی ١٨٣٤

ئومێد ئاشنا

کردوویە بە کوردی

و

پێشەکی بۆ نووسیوە

١٩٩٦

وەزارەتی رۆشنبیری
کتێبخانەی گشتی رانیە

چەپکێک لەمێژووی کورد

# گەشتەکەی فرەیزەر

بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا ))

ساڵی ١٨٣٤

کرمید ئاشنا

کردوویە بە کوردی

و

پێشەکی بۆ نووسیوە

١٩٩٦

هەواڵنامەی کتێب

(( چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد ))

گەشتەکەی (( جێمس بەیلی فرەیزەر بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا ))

ساڵی ١٨٣٤

ـ ئومێد ئاشنا ـ کردوویە بە کوردی و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسیوە ..

١

سلێمانی / ١٩٩٦

ناونیشانی کتێبەکە بە ئینگلیزی و ساڵی لە چاپ دانی

J. Baillie Fraser, Travels in Koordistan and Mesopotamia.

( Richard Bentley, New Burlington St., London 1840 ).

چەند گەشتێک لە کوردستان و وڵاتانی نێوان دوو ڕووبار دا، ... نووسینی جێمس بەیلی فرەیزەر، ریچارد بنتلی / بەرلینگتونی نوێ لە لەندەن ١٨٤٠ لە چاپی داوە .

هەواڵنامەی کتێب

## (( پێشەکی ))

جیمس سیللی فرەیزەر لە ـ ئەنڤرنیس ـ ی ئەسکۆتلاندا لە
ساڵی ١٧٨٣ لەدایک بووە . لە ـ ڕیلبایک ـ لە کانوونی دووەمی
ساڵی ـ ١٨٥٦ ـ کۆچی دوایی کردووە ، واتە ـ ٧٣ ـ ساڵ ژیاوە و
زۆربەی ئەم تەمەنەی لە گەشت و گەڕیدەیی و گەشتنامە
نووسیندا بەسەر بردووە . لەو ڕۆژگارەشدا کە خۆی تیا ژیاوە
بە گەڕیدە و گەشتنامە نووس ناسراوە . لە سەرەتای ژیانیدا
گەشتی یەکەمی بۆ هیندستان بووە . ساڵی ـ ١٨١٥ ـ چیاکانی
هیمالایا گەڕاوە و لە زۆر لایەن و بارودۆخی کۆڵیوەتەوە . لە دوای
ئەمەی گەڕایەوە بۆ ـ لەندەن ـ دانرا کە بە هاوڕێیەتی ئەو دوو
میرە ئێرانییەی دوور خرابوونەوە بۆ ئەوێ . بچێت بۆ ئەستەمووڵ
ئەو دوو میرە (ڕەزا قولی میرزا) و (نەجەف قولی میرزا) بوو .
توانی بیانگەیەنێتە ئەستەمووڵ . ساڵی ـ ١٨٢٣ ـ ژنی هێنا و کچی
ـ لۆرد وەدهاوسلی ـ بووە بە خێزانی . فرەیزەر لە ساڵی ١٨٣٤ ـدا
گەشتنامەکانی پەیتا پەیتا دەنووسی و بە پۆستەدا بۆ ئەم
ژنەی خۆی دەنارد . تەنانەت هەندێ لە تێبینی و سەرنج و
نەخشەی هەیە کە لەو کاتەدا ناردوویەتی بۆ ژنەکەی بۆ ناسینە
وەی شێوەی جوگرافی و ئەستێرەناسی ئەو کاتە زۆر سوود
بەخشە .

ـ ریچارد بینتلی ـ بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٤٠) دا لە لەندەن
ئەگەشتنامەیەی چاپ کرد بە ناونیشانی کتێبەکە بە ـ

زمانی ئینگلیزی :

J : Baillie Fraser , Travels in Koordistan and Mesopotamia . Richard Bently , New Barlington st London 1840 .

واتە چەند گەشتێك لە کوردستان و وڵاتی میسوپۆتامیا - دا کتێبەکە دوو بەشە هەر بەشێکی چەندەها نامەی فرەیزەر-ە بۆ ژنەکەی . بەشی یەکەم بیست و یەك بەشە هەر بەشێکی بە نامەیەك دادەنرێت . بەشی دووەمی بریتیە لە نۆزدە بەش ئەویش وەك بەشی یەکەم هەر بەشەی نامەیەکی سەربەخۆیە .

بەداخەوە هەتا ئێستە ئەم کتێبە گەورە و پڕ نرخ و بەهایە کە دوو بەشە بەرێك و پێکی تەواوی لە زمانی ئینگلیزیەوە نەکراوە بە کوردی ساڵی ١٩٣٩ - ١٩٤٠ - مامۆستا ئەدیب و ئینگلیزی زانی شارەزا - رەشید نەجیب - چەند هەڵبژاردە - یەکی لەم گەشتە لە ئینگلیزیەوە کردوە بە کوردی وە بە زنجیرە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردەوە .

- رەشید نەجیب - لە و گۆڕینەدا نازناوی - فراندز - ی بۆ خۆی دانا بوو ناونیشانی ئەو چەند هەڵبژاردەی گۆڕینەی بە ناوی (چەرخێك لە مەو بەر ، گەشتێك لە کوردستان - دا ) و ئەم پیشەکیە کورتەی بۆ نووسیبوو ( ڕابوردوی کورد لەگەڵی

سەرەوە تاریک و نووتەکە، تەئریخی کۆن نا، هێشتن چەند سەد ساڵ لەمەو بەر بەشی بەتەواوی لێمانەوە دیار نییە. سەرگوزەشتەی دوانزەی سوارەی مەریوان، ئەو قارەمانەی ون بوانە هێشتا بە تەواوی بۆمان ساخ نەبۆتەوە. لەبەر ئەوە ئەم گەشتنامەیە.

کەکار بە دەستێکی ئینگلیز - بیللی فرەیزەر - ناو کە سەدو پێنج ساڵ لەمەو پێش نووسیبویەتەوە ویستمان بیکەین بە کوردی ئەم کابرایە ئیش بە دەستێک بوە لە باڵیوزخانەی تاران، لە تەوریزەوە بە سەر وڵاتی موکریان و بابان دا گەشتێکی دوورو درێژی کردوە بۆ بەغداو لەوێوە بەسەر کرماشان و هەمەدان دا گەڕاوەتەوە بۆ تاران.

ئەم چەند بەرەبە ئەگەر ڕوناکیەک بۆ شاینەدەی وڵاتەکە دەربخات و یا ڕوناکی بکاتەوە بیان نەختێ جۆش و سروشت بکەبەنێ بە لاوانی وڵات ئەوا باشە. خۆ ئەگەر ئەمەش نەبێ پارچەیەک لە تەئریخی نزیکی کورد مان گێڕاوەتە سەر زمانی خۆمان ) دیارە ئەو کاتەی رەشید نەجیب ئەمەی نووسیوە ساڵی - ١٩٣٩ - بوە، گەشتەکەش ساڵی - ١٨٣٤ - بوە لەبەر ئەمە ئەو کاتە - ١٠٥ - ساڵ بە سەر گەشتەکەدا تێپەر - بوە و ئێستاش کە ساڵی (١٩٨٥) ە سەدو پەنجا و یەک ساڵ دەبێت کە فرەیزەر هاتۆتە کوردستان.

گۆڕینەکەی - رەشید نەجیب - لە ئینگلیزیەوە چەند نەلێزار - دەبا ئەو لە بەر نووسینی گەشتەکە بوە. ئێستا لە کتێبخانەی - رەشید نەجیب - دا کە بەشێکیشە لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی

کرد بوو لە بەشی ئینگلیزیەکەیدا زۆرمان پشکنی گەلێک گەشتنامەو بەڵگەی گرنگی تێدا بوو بەلام بەداخەوە ئەم کتێبەمان نەدۆزیەوە نازانین دەستکێ کەوتوە!! لە ساڵی - ١٩٦٤ - دا ماموستا - جعفر الخياط - ئەم کتێبەی لە ئینگلیزیەوە کردوە بە عەرەبی و ناونیشانەکەی گۆڕیوە و کردویە بە - رحلة فريزر - الى بغداد - گەشتەکەی فرەیزەر بۆ بەغداد - لە کاتێکدا ناونیشانەکە دەعانیە و ئێمە بە ئینگلیزی لەم پێشەکیەدا نووسیمان ·

ئەم وەرگێڕەش دیسان بە شێوەی هەڵبژاردەوە پچڕ پچڕ گەشتنامەکەی گۆڕیوە · هەرچی بە دڵ نەبووبێت نەیگۆڕیوە ·· بۆ زمانی عەرەبی ئینجا ئێمە دەقی ئەو بەشەی پەیوەندی بە وڵاتی کوردستانەوە هەبە کردمانە کوردی ·

## (( ڕێگای گەشتەکە )) .

ئەم گەشتەی گەڕیدە - جیمس بیللی فرەیزەر - لە ساڵی ١٨٣٤ دا لە ئەستەمولەوە دەست پێدەکات بۆ شاری تەورێز لە ئێران و ناوچەی ئەردەلان · فرەیزەر - بە کارێکی دیپلوماسی دەوڵەتی بەریتانیا هاتۆتە ئەو ناوچانە · لە تەورێزەوە دەچێتە ورمێ لەوێوە بۆ سابلاغ و سەردەشت و دەیەوێ لە ڕێگای - تنەدوە - بچێت بۆ ڕەواندوز بۆلای میر محمدی

ڕەواندوزی . کە ئەو کاتە ناوبانگی بە هەموو لایەکی گرتبووەوە .
بەڵام بە هۆی سەرتاڵی میر محەمەد بە جەنگ و فراوان کردنی
میرنشینەکە بۆی ناڵوێ و لەوێوە دێت بۆ سلێمانی لە ڕۆژی
یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٤ دەگاتە سلێمانی . ماوەیەک
لە سلێمانی دەمێنێتەوە میوانی سلێمان پاشا -ی بابانی کوڕی
عبدالرحمانە پاشای بابان دەبێت . لەو ماوەیەدا فرەیزەر
باسی وڵاتی سلێمانی و دەوروبەری دەکات لە هەموو ڕوویەکەوە .
لە سلێمانی یەوە دەچێتە شاری -کفری- و لەوێوە دەچێت بۆ
بەغدا . ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە . ئەمجارە لە ڕێگەی
-دیالەوە- دەچێتەوە بۆ ئێران و ئەم گەشتە شیی کردووە بە
بەشێک لە کتێبەکەی .

فریزەر جگە لەم کتێبەی باسمان کرد چەند کتێبێکی تریشی
بە زمانی ئینگلیزی نووسیبووە وەک -زستانە گەشتێک بۆ ئێران-
وە کتێبی -لە نێوان میسۆپۆتامیا و ئاشوور- دا
چەند کتێبێکی تریشی هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی نەکراوەتە
عەرەبی یا خود کوردی ئێمە لێی بێ ئاگاین .

فریزەر زمانی فارسی باش زانیوە، قسەی پێ کردوە . ئەم
نووسەرە گەڕیدەیە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی باڵا و هەمەلایەن
بوە . شێوەی نووسینی خۆش و لەبار بوە، بۆتە هۆی ئەوەی
جەماوەرێکی زۆر ڕابکێشێت بۆ خوێندنەوەی و بە شوێندا
گەڕانی نووسین و گەشتنامەکانی .

## (( گرنگی ئەم گەشتە ))

١ ـ سەبارەت بە سلێمانی و ناوچە نزیکەکانی :ـ

ئەگەر بمانەوێ لە گرنگی ئەم گەشتە بگەین دەتوانین تەماشای ئەو گەشتنامانە بکەین کە دوای گەشتەکەی فریزەر بە چەندەها ساڵ و زۆر قۆناغی مێژووی میللەتی کوردا نووسراون . لەو گەشتنامانەدا دەبینین گەشتەکەی فرەیزەر ئاماژەی پێکراوە و کەم و زۆر ئەو گەڕیدە و ڕۆژ- هەڵات ناسانە سوودیان لێوەرگرتووە ، بۆ ئەوەی بەڵگەی مێژوویی ڕاستی قسەکانی خۆیان بسەلمێنن . ڕستە و لاپەرە- یان لە کتێبەکەی[1] فرەیزەر بە نموونە هێناوەتەوە . ئەگەر تەماشای ئەو سەرچاوانە بکەین کە پاش کەمێک لێرەدا ناویان دەنووسین و بوونەتە گەنجینە و سەرچاوەیەکی بەهادار بۆ مێژووی گەلی کورد ئەوانە دەگەین کە فرەیزەر و کتێبەکەی وێنەیەکی فوتوگرافی کوردستانی ساڵی ١٨٣٤ ـ ٠ بەگشتی و وێنەیەکی بێ ڕتوشی شاری سلێمانی بە لە ماوەی (١٥١) ساڵ لەمەوپێشدا کە ئەم شارە پایتەختی میرنشینی بابان بووە و لایەنەکانی شارستانی ئەو میرنشینە لەو شارەدا وێنە دەگری و لە هۆی لاوازی میرنشینەکە دەکۆڵێتەوە .

باسی خۆخۆری و ڕقەبەری میرەکانی بابان دەکات . هەتا دەگاتە سلێمان پاشای برای مەحمود پاشا کە هەردوکیان کوڕی

عبدالرحمن پاشای بابان ـ ن ـ شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی ئەم دوو برایە باسی دەکات . ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ڕقەبەری ئەم میرانە ماڵ وێرانی و کاول و پەتای ڕەشبی دواکەوتنی هێناوە بەسەر میرنشینەکەدا بەگشتی و بەسەر سلێمانیدا بەتایبەتی . باسی سێ دەردە کوشندەکەی نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی دەکات . کە بەچ شێوەیەک شارەکەیان داڕزاندوە، تەنانەت کاتی فرەیزەر دەچێتە دەرباری سلێمان پاشا بە جۆرێک وێنەی نەداری و شپرزەیی سلێمان پاشا نیشان دەدات خوێنەر بەزەیی بەو هەژارەدا بێتەوە و لۆمەی مەحمود پاشای برای بکات کە بۆچ لێی نەگەڕاوە ئەم میر بێت و لە بری شەڕ و کوشتار بکەونە فریای وڵاتی شپرزە و دواکەوتوویان. تەنانەت خوێنەر هەست دەکات بە دەگمەن لە مێژوودا پاشا یا میرێک هەبووبێ بەم نەداری و کەساسییە .

لە لایەکی تریشەوە ئەو شوڕدوە سەربازە ئێرانییەی کە لە سلێمانی بوون بە هۆی ئەرکی قورس و ژیاندنیانەوە لە لایەن سلێمان پاشاوە بوونە هۆی ئەوەی پشێوی و سەغڵەتییەکی زۆر لە میرنشینەکەدا دروست بکات . ئەم سەربازە ئێرانیانە ناو بە ناو داوای باج و سەرانەیەکی زۆریان دەکرد لە سلێمان پاشا . ئینجا فرەیزەر لەم خاڵەدا هەڵوێستەیەک دەکات و باسی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات کە لە بارەگای میردا ساز بووە . ئەوەتی ئەوە بووە کاتێ شوڕدوە ئێرانییەکە داوای باج و سەرانەیەکی قورس دەکەن، پاشا بۆی نەلناموێ و شپرزە

دەبێ. ناچار هەرچی ئاغایەك هەیە لە سنووری میرنشینی بابان دا کۆی دەکاتەوە بۆ ڕاوێژکردن و بەتاڵ هەتا داواکەی ئەو دوەکە بێننە جێ. کاتێکیش دێنە سەر لێدوان لە شارەزوور و داواکاریەکەی لە سلێمان پاشا کە ماوەی بدات بچێتە ئەوێ پاشا ڕێی نادات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەسەڵاتی سلێمان پاشا بە جۆرێك کەم دەرفەت و تەنگ و کورت بوە نەیتوانیوە کەسێکی وەك فەریزەر لە شارەزووردا بۆ چەند ڕۆژێك لە دەستی جەردە و پیاوکوژی ئەو ناوە بپارێزێت. ئەگەرچی فەریزەر چەند هۆیەکی تریش دەداتە پاڵ ئەم ڕێ لێ گرتنەی پاشا لێی بەڵام ئەگەر لێکی بدەینەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە هۆیەکی تەنها کەم دەسەڵاتی پاشا بووە نەك ئەوەی کە پاشا لە بەر هەندێ مەسەلەی مێژوویی و دەگمەن ڕێ لە فەریزەر بگرێت.

فەریزەر ـ ماوەیەکی کەم دوای کارەساتی ترسناکی شانەوەی تاعوونەکەی سلێمانی هاتۆتە سلێمانی. واتە جێ دەستی ڕەشی ئەو دەردە نەخۆشیە بە هەموو شوێنێکی شارەکەو دانیشتوانیەوە دیار بووە. وەك ئەوەی نیوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو نەخۆشیانە کوشتوونی و زۆربەشیان لە ترسی مەرگ و تووش نەبوونی نەخۆشیەکە بەرەو کەرکوك و هەولێر ڕۆیشتوون. فەریزەر لە گەشتەکەیدا کاری گەری فراوان بوونی دەسەڵاتی میری ڕەواندوز بەسەر میرنشینی بابان دەست نیشان دەکات. لەو هۆیانەی کە بوونەتە لاواز بوون و ئینجا لە ناوچوونی میرنشینەکە

دەگەڕێنێتەوە بۆ دووبەرەکی و براکوژی نێوان کوردەکان و میرەکانی بابان لە ناو خۆیان دا . وە هۆی دووەمیش بە هێز بوونی دەسەڵاتی میری ڕەواندوز و شکاندنی هێزە بچووکەکانی ناوچەکانی سەر بە میرنشینی بابان و جێ گرتنەوەی هێزەکانی میری ڕەواندوز لە بری ئەمان .

فرەیزەر مەسەلەیەکی گرنگی مێژوویمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەویش جێگای جوگرافی و گرنگی میرنشینی بابان ـە . کە بووتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران هەردوو بـــە بەرژەوەندی خۆیان نەهێڵن هیچ میرێکی بابان بە خۆیـــدا بێتەوە و دەسەڵاتی فراوانی ببێ و لەشکری ناوچەڕخ و ڕێکخراو بە هەشتی و شارەزایی پێک بهێنێت . بۆ ئەمەشی باسی ئەوە ئەکات کە چۆن ئەم دوو دەوڵەتە هەرجارە بە شێوە یـــەک دووبەرەکییان لە نێوان میرەکانی بابان دا لە ناوچەی سلێمانی دروست کردووە . ئەم میرانەش یا برای یەکتر بوون یا خود مام و ئامۆزا یا خود خزمی زۆر نزیک بە یەکتر . بەڵام نەزانـــی و ساویلکەیی پادشاکانی بابان دەلاقەیەکی وەها کە لە بەرێکی بەربڵاوی وەهای دروستکرد کە هەر جارە بە شێوەیەک لـــە شکری عوسمانی و ئێران لە کوردستان دا بە بێ ترس و سڵەمینە وە ڕمبازی بکەن .

هەر یەک لە گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانی جیهان لە چەنــد لایەنێکەوە سوودی مێژوویان لە گەشتەکەی فرەیزەر وەر- گرتووە . ئەوانەی ئێمە ئاگادار لێی بین چوار گەشتنامـــەی

کتێبێکی گرنگن کە راستەوخۆ سەبارەت بە کوردستان و کورد باس دەکەن و دیارە کە لێرە سەرچاوەی تریش هەن کە فرەیزەر - یان کردووە بە سەرچاوە و ئێمە تا ئێستا دەستمان نەکەوتوون و نەمان بینیوون . ئەو چوار سەرچاوە گرنگەش کە باسمان کرد ئەمانەن :-

١ - أدموندز - كرد وترك وعرب ترجمة - جرجيس فتح الله

٢ - ميجرسون - رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان - ترجمة - فؤاد جميل -

٣ - ن . أ . خەلفین - خەبات لە رێی کوردستاندا - جلال تقی لە روسییەوە کردوویە بە کوردی -

٤ - أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث - ترجمة - جعفر الخياط -

فرەیزەر جگە لە سلێمانی سەبارەت بە گەلێ ناوچەی تری کوردستان نووسیویەتی لە نامەکانی گەشتەکەیدا تۆماری کردووە . بەتایبەتی گەشتەکە لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێدەکات ، بە سواری وڵاخ بەو ناوچانەدا هەر لە وێ سابلاخەوە تێدەپەڕێت تا دەگاتە سلێمانی و لە وێوە بۆ کفری و ئینجا دوا ئێستگەی لە بەغدا بووە . هەر یەک لە لایەنەکانی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری شار و دێ و ناوچەکانی کوردستانی بە وردی شی کردۆتەوە و لە سەری نووسیون . دیارە ئەمەش ناو بە ناو گەلێ ناتۆرە و پلاری تێدایە بۆ کورد و ژیان لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستاندا . دیارە ئەمەش ئاسایی بە چونکە ئینگلیزێک لە ناو کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و شارستانیەتێکی

ڕاپەڕیودا بێتە ناو کۆمەڵێکی وەک کۆمەڵی کوردەواری سەدو پەنجاو یەک ساڵ لەمەو پێشی کوردستانەوە دیارە زۆر ڕواڵەت و بابەتی وەها دەبینێت کە سەیر بێت بەلایەوە و سەراسیمە بێت و چەند بڕیارێکی ڕەق و ناڕەواش بدات بەسەر بیرو هەڵس و کەوتی دواکەوتوانەی کەسانی ئەو کۆمەڵە دواکەوتوەدا . ئەمەوەک وتمان شتێکی سەیر نیە و نەبۆتە خەوش و ناتەواویەک لەگەشتەکەیدا چونکە هەرچی بینیوە و هەستی پێکردوە ڕاستەگۆیانە نووسیویەتی ، بێ ئەوەی بیگۆڕێت و دەستکاری بکات . ئێمەش هەر بەهۆی ئەم دەستپاکی و ڕاستگۆییەی (جیمس بیلی فرەیزەر) ەوە لە کوردستانی ساڵی ١٨٣٤ ـ دا توانیمان چەمکێکی لێوەرگرین چونکە بەبەڵگەوە لە مێژەوە سەلماندویانە کە مێژوو دووبارە دەبێتەوە . وەک بەسەرهات و ڕووداوی لەیەکچوو وەلەیەک نزیک بەلام لە هەر دووبارە بوونەوەیەکدا بەرگی سەردەمەکەی خۆی لەبەردایە .

( ٧ )

٢ ـ سەبارەت بە چەند ناوچەیەکی کوردستانی ئێران :-

بەهۆی ئەوەی فرەیزەر زمانی فارسی باش زانیوە لە زمانی دانیشتوان گەیشتووە و لەبارەی گەشتەکانیەوە پێنج کتێبی نووسیوە ئەویش ئەمانەن :-

١ ـ ئەلساتی

٢ ـ گەشتێک بە خۆراساندا

٣ ـ زستانە گەشتێک بۆ ئێران

٤ ـ میسوپۆتامیا و ئاشوور

٥ ـ چەند گەشتێک بۆ کوردستان میسوپۆتامیا

ئەم گەشتەی لە مەڕ ئێمە زیاتر لە کوردستانی ئێراندایە و لەو کتێبانەدا دیارە کتێبی پێنجەمیانە . ئەم گەڕیدەیە چۆتە هەر یەک لە شارەکانی ورمێ و ساباڵاخ و سەر- دەشت و شنۆ . لە پەیوەندیە ئابووری و سیاسی کۆمەڵایەتیەکانی ناو قۆناغی رژێمی دەرەبەگی گەیشتوە . ئەگەر چی فرەیزەر بەدرێژی چەند ساڵێک لەوێ نەماوەتەوە و لە زۆر جێگادا هەر بەڕاگوزاری تێپەڕیوە بەڵام لە بەر ئەوەی پرسیاری زۆری لە بارەی زبانی خەڵک و ناوچەکانەوە کردووە و چاوی سەرنج دانی وردو تیژ بوە زوو گەیشتۆتە مەبەستەکانی خۆی . فرەیزەر سەدو پەنجاو یەک ساڵ لەمەو پێش لەو ناوچانەی ئێراندا بوە ١ کە ناومان بردن . بەڵام خۆی باسی ماوەیەکی لەو مێژوە دوورتر دەکات کە کوردەکانی ئێران ئەوکات سەربەست و خاوەن ئارەزووی خۆیان بوون لە ژیانیاندا . دەوڵەتی زۆرداری ئازەر- بایجانە بەدەست و گیرۆدەی نەکرد بوو ئەمدادو قیپانە یان نەبوە لە دەست زوڵم و زۆر ، بەڵام ئەم گەڕیدەیە کە باسی ژێر دەستەی کوردەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆیەکی گرنگ کە هەر خۆیان ئەو بارە ناڵەبارەیان بەسەر خۆیاندا شکاوە ئەو هۆیانەش لای ئەو بریتین لە سێ هۆ یەکەمیان

خیانەت و ناپاکی ناو خۆیان ، دەیەوێ تەبەری و ناکۆکی نێوا ـ
نیان ، بێ ئەم ماڵ بێ گەنج کردن بەزۆر ، فرەیزەر دەنووسێت
( ئەو بەشیرە تەکوردانە کە لە پایتەختەوە نزیکن ئەمەو
یا بەزۆر یا لەرووی خیانەت و یا بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیانەوە
ماڵ بۆ حکومەت شۆڕ دەکەن . ئێستا کوردی موکری خەراج و
باجی ئەو وڵاتەیان ئەدەن کە باوکو باپیریان بە ئازادی و
سەربەستی بێ ئەوەی گوێ بدەنە شار شازادە پیایدا
گەشت و گوزاریان ئەکرد ئەم گۆڕانە زۆر تەشیرێکی خراپی
کردۆتە سەریان ) .

فرەیزەر ورد بینانە ئەوە دەست نیشان دەکات کە حکومەتی
ئازەربایجان وەک دەستەڵاتی خۆی نەیتوانیوە بە جۆرێک
کەمە بەستیەتی کوردەکان سەرکوت و دابین بکات بۆیە
هاتوە بیری لەوە کردوتەوە کە هەر لە کوردەکان خۆیان
چەند ئاغایەک بکاتە دارەدەستی و فەرمان ڕەوایی خۆی لەو
وڵاتەدا پێ ڕاگیر بکات ، چونکە هەر ئاغایەک لەو ناوچانەدا
لە سنوورێکی بەر فراوانی دەسەڵاتی خۆیدا فەرمان ڕەوا بوە .
وە بەهۆی پیاوانی چەکداری خۆیەوە بەزۆرو ستەم و ڕوتاندنە ـ
وەی خەڵکی دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە بردوە ، فرەیزەر
دەنووسێت :ـ

(( زیاتر ئەم دادو فیغانەیان ئەنجامێکی تەبیعە بۆ ئەم
پیاوانە کە وەختی خۆی نە ئاغایان هەبوە و نە زۆردار ، ئێستا
بەزۆر خراونەتە ژێر باری ئەرەدوکیانەوە )).

ئەو کاتەی فرەیزەر - بەم ناوچانەدا گوزەری کردووە - عبدالصمد خان - فەرمانداری سەردەشت بووە . سالانی پێش لە پێشدا (( موساخان )) فەرمانداری بووە و لە کاتی گەشتەکەی فرەیزەردا - عبدالله خان - بە پێی ئەو فەرمانە زۆرانەی لە حکومەتی ئازەربایجانەوە بۆی دەهات کەوتبووە گیانی دانیشتوانی ناوچەکەوە و دەی ڕووتاندنەوە و ئەو خێرو سامانە لە ( سەردەشت ) دا کۆ دەبووەوە بۆ ئازەربایجان دەنێرا . ئەم باج سەرانە و ڕووتاندنەوەیە بە جۆرێک لە ناوچەکەدا پەرە دەسێنێت کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بیر لەوە بکەنەوە لە دەرفەتێکدا ناوچەکە چۆڵ بکەن و هەر خێزانەی بەلایەکدا بڵاوبن و فرەیزەر دەنووسێت ( یەکێک لە پیاوەکانی خان کە ئیشلک ئاغا کە بوو - پەردەدار - پێی وتم حکومەتی ئازەربایجان ئەگەر هەروەها و ئێستا کردوویانە بەو ڕەنگە شت لە خەڵک بسێنن لە ئەنجامدا ئەبنە بە سەبەبی چۆڵ کردنی وڵاتەکە . وتم چۆن زانی ؟ کابرای ئیشلک ئاغاسی وتی - لەم شارە وێرانەی لەبەر چاوتە ساڵی پێنج شەش هەزار تمەن پارە ئەسێنن جگە لەوەش ساڵی ئەوەندەی تر ئەبدەینە بەسەر دەشت . دزی و تالانی سەربازانیش لەولاوە بووەستێ ) . لە دوای ئەمە فرەیزەری گەڕیدە باسی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و داب و نەریتی کوردەکانی ئەو ناوچانە دەکات . بەڕاستی ئەم نووسەرە زۆر بە دەست پاکی و بەبێ بیرو باوەڕی ڕەگەز پەرستی و جیاکارە لەو داب و نەریتانە دەدوێ عەرەبەک لە

سیفاتەکانی ڕێزو خۆشەویستی و هاریکاری و عەرەوەزکاری کوردەکان باس دەکات . بەو سیفاتانە بەبەکیانەوە دەبەستێت . فرەبزەر هەروەك بەکێك لەو کوردانە دەچێتە کۆڕ و دانیشتنەکانیانەوەو سەرنجی خۆی لەو بارەوە تۆمار دەکات . لە ئاوێنەی زیانی کوردەواری ئەو سەردەمەدا گەلی وێنەی جوانمان نیشان دەدات بەتایبەتی بەکێك لەو وێنە جوانانەی کەزۆر دەمێکە نەماوەو لەبیر چۆتەوە. بەلام ئەو وێنەی دەگرێ و وەبیرمان دێنێتەوە ، ئەویش شێوەی نان خواردنی ئێوارانە لەو دێیانەدا کەهەر کەس نانی خۆی و میوانی خۆی هێناوەو لە مزگەوت پێکەوە نانیان خواردوە . فرەبزەر دەنووسێت ( پاش ئیشی ڕۆژ پیاوەکانیان لەمزگەوت یان لە جیگایەکی تر کۆئەبنەوەو پاش نوێژ کردن هەریەك شێوی خۆی ئەهێنێ پێکەوەنان ئەخۆن و دوای ئەمە هەریەك ئەگەڕێتەوە مالی خۆی . ئەگەر میوانیشیان هەبێ هەر کەس میوانی خۆی لەگەل خۆیدا ئەهێنێ) . سەبارەت بەلایەنێکی گرنگی کۆمەلایەتی کورد فرەبزەر دەلێت ( حورمەتی بچوك بەرامبەر بەگەورە بەتایبەتی شایانی دیقەت بوو . بەپێی دەستور نەکوڕ نەبرازا لای باوك و مام دانانیشن ، ئەگەر دانیشن لە دوورەوە دائەنیشن لەگەل ئەوەشدا گەورە خۆشەویستیەکی تەواوی هەیە بەرامبەر بەبچوك ، بچوك بەدل ئامادەیە بۆ ئیتاعەتی گەورە ) .

## ٣ـ (( گرنگی گەشتەکەی فرەیزەر سەبارەت بە میرنشینی ڕەواندوز و پاشای گەورە ))

سەردەمی گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان سەردەمی پڕ لە شکۆمەندی و دەسەڵاتی میری ڕەواندوز بوو ـ فرەیزەر هەوڵێکی زۆر دەدات و مەبەستی دەبێت کە میر محمد بە چاوی خۆی ببینی و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و لە ژیانی پڕ لە ئاشتی و بەرەو پێش چوونی وڵاتەکەی میر بگات ٠ بەتایبەتی کە دکتور ــ ڕوس ــ دکتوری باڵیوزخانەی بەریتانیا بوو لە بەغدا ساڵی ـ ١٨٣٣ ـ واتە ساڵێک لە پێش گەشتەکەی فرەیزەر دا ٠ چووە بۆلای پاشا و لەبارەی پاشا و وڵاتەکەیەوە کۆمەڵێ یاداشتی نووسیوە ٠ فرەیزەر لە گەشتەکەیدا چەند بەشێک لە یاداشتەکانی دکتور ــ ڕوس ــ بە نموونە دێنێتەوە ٠ ئەم دکتورە لە لایەن پاشای گەورەوە بانگ کرا بوو ڕەواندوز هەتا چارەسەری چاوی کوێر بوونی باوکی پاشا بکات ٠ پاشا بایەزید بەگ دەنێرێت بە دوایدا بۆ بەغدا و دکتور ــ ڕوس ــ دەگاتە وڵاتی پاشا و هەوڵێکی زۆر لەگەڵ ـ مستەفا بەگی ـ باوکی پاشادا دەدات بەڵام بێ سوود دەبێت و چاوەکانی هیوای چاک بوونەوەیان لە مێژە لێ بڕا بوو ٠ دکتور ـ ڕوس ـ بە پێچەوانەی فرەیزەرەوە باسی کورد و ئەو ناوچانە دەکات کە بینیویەتی فرەیزەر زیرەکانە ئامازە بەو ڕاستیە دەکات و هۆیەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو زۆر لەو ناوچانەدا کوردەکان

بەیانی و ئێوارەی لەگەڵ دکتۆر ڕۆس ئەجوڵانەتەوە و وەك
پێویست پێشوازیان ئەکردەوە و بە تەنگیەوە ئەهاتن . لەو
ڕۆژگارەدا واتە سەدو پەنجاو یەك ساڵ لەمەو پێش و لە
ساڵی ١٨٣٤ ـ دا فرەیزەر ئەخشە دادەنێ لە ـ شنۆ ـ وە بچێت
بۆ ڕەواندوز بۆ لای میر محمد . بەلام هەواڵ دەزانێت کە میر
لەو ناوچانە نیە و بۆ جەنگەو ڕزگار کردنی ناوچەکانی
دەوروپشتی و وڵاتەکەی سەرقاڵ و خەریکە . لەو ساڵەدا
قەلای ئامێدی و ئاکرێ کە بەسەختترین قەلاکانی ئەو ناوچە-
نەدا دەنرێت لەلایەن میر محمد ـ ەوە داگیر دەکرێن، لەم
لاشەوە بەشێکی زۆر لە خاکی میرنشینی بابان دەخاتە ژێر
دەسەلاتی خۆیەوە . ئەم مرۆڤە زۆر بە شانازیەوە هەمیشە
لەسەر دەمێکی مێژووی گەلی کوردا جێگای بۆ کراوەتەوەو
باسی دەکرێت . بەڕاستی پیاوێکی هەڵکەوتوو بەجەرگ بوە .
مەترسیەکی گەورەی بۆ هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی
دروست کردوە . وەك دکتۆر ـ ڕۆس ـ و فرەیزەر باسی دەکەن
ئەم پیاوە وڵاتێکی پڕ لە ئاژاوە کە بۆ هێلکەیەك مرۆڤێکی تیادا
دەکوژرا بە بلیمەتی خۆی و دادپەروەری دەکاتە وڵاتێك کیسەی
لیرە لەسەر ڕێگادا دەکەوت کەس نەی دەوێرا دەستی بۆ
بەرێت هەتا موختار یا ئاغایەکی دێیەکی نزیك ئاگادار-
نەکرایەتەوە ئەویش بە گەواهی خەڵکی هەڵدەگرتەوە و
دەستبەجێ میر ئاگادار دەکرایەوە هەتا خاوەنەکەی بۆ
دەدرایەوە .

هەواڵنامەی کتێب

ئەستێرەی ئەم بیاوە بە جۆری گە شایە وە لە بەغداوە دکتۆری تایبەتی بەریتانی بۆ بچیت بۆ چارە کردنی چاوەکانی ناوکسی . دەستەلاتی بەسەر عەولێرو ناوچەکانیدا پەیدا کرد بوو . لەو چوار برایەی ئەی بوە لە دوانیان دڵنیا بوە و دوانەکەی تریانی لە جێگای دوور بەند کردوە . ئەو دوانەش کە لێیان دڵنیا بوە ئەحمەد بەگی برای بوە کردوبە بە فەرماندای عەولێر . وە رسول بەگی برای کردوێتە فەرماندای سوپاکەی . میر محمد لەو گفت و گۆیەدا لەگەڵ دکتۆر روس دەیکات دەردەکەوێ ئاواتی گەورەی لە دلدا بوە بۆ دوا رۆژی ولاتەکەی بە تایبەتی پرسیار کردن لە بارەی گەورەستەی جەنگی ولاتان و شێوەی زیان و خوێندەواری و پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان دەوڵەتەکان . میر محمد سێ ژنی هێنا بوو بە نیازی وەچەی دوا رۆژ بەلام بە داخەوە منداڵی لێیان نەبوو . دوایش وەك مێژوو دەیکاتە پەندو دەرسی عیبرەت ئەم مرۆڤە گەورەیە و ولاتە پڕ لە ئاسایشەکەی بە دەستی چەند کاسە لێسێکی کورد خاپووركراو دوژمنیان هێنایە سەر و میر محمد ـ یش بە پیلانی عوسمانیەکان بە نهێنی و لە کاتی دیلیتیدا کوژرا ..

٤ ـ چەند لایەنێکی گێژ و لاواز لە گەشتەکەدا :ـ

هەر یەك لە وگەڕیدە و رۆژهەلات ناسانەی هاتوونەتە کوردستان لە پێش فرەیزەرداـ ریچ و لە دوایشدا میجرسون ـ و ـ ئەندمونز ـ و گەلێکی تریش ماوەی مانەوە و گەشتە

کەیان لە فەرەنزەر زیاتر بوون . چونکە سەرباری گەشتەکەی لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عێراق و هەتا گەیشتوتە بەغدا ، مانگێکی تەخایاندوە . لە (١٧) ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٣٤ ـ دا لە ورمێوە رێ دەکەوێت لە (١) ی تشرینی دووەمدا دەگاتە سلێمانی و لە (١٣) ی تشرینی دووەمدا دەگاتە بەغدا

دیارە بۆ کەسێك کە بیەوێت لە ناخی ژیان و هەڵسوکەوت و داب و نەرێتی گەلێك بگات لە وڵاتێکی وەها فراوان دانا توانێت بە ماوەی مانگێك لە هەموو شار و دێهاتەکاندا کە پیایدا تێپەڕیوە لە بارەیەوە بنووسێت . بەڵکو هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێ دیاردە باڵاو رووداوە گەورە و گرنگەکانی باس بکات و لەو ماوە کەمەدا هەرچی بینیوە سەبارەت بە روکاری دەرەوەی بنووسێت و نەتوانێ بچێتە ناخیەوە . دەبینین لە بارەی زانست و ئەدەب و ئایین و پیشەسازی و بازرگانی و ژیانی ئافرەت و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە نەیتوانیوە بنووسێت ـ زیاتر گرنگی داوە بە ناوی ئەمیر و پاشا و ئاغاو رێبەرانەی لە نزیکەوە ناسیوونی . گرنگی داوە بە وەسفی جوگرافی وڵاتەکە و شێوەی خانووەکان و ژمارەی دانیشتوانیان .

هەواڵنامەی کتێب

## (( بەشی یەکەم ))

فرەیزەر لە کوردستانی ئێراندا ساڵی - ١٨٣٤ ورمێ

( ١٧ )ی تشرینی یەکەمی - ١٨٣٤ -

ئازیزەکەم، گەشتیی ئەو سێ رۆژەم لەو دێیەوە کە نامەی پێشووم لێوە بۆ ناردی گەیاندمیە ئەم شوێنە خۆش و جوانە، شوێنێکی رەسەن و دێرینن: دادەنرێ بە شوێنی لەدایک بوونی -زەردەشت-ی بەناوبانگ. رێگەکەمان لە -نسوج-ەوە بۆ ئێرە بریتیە لە ناوچەی سەلماس و دەشتە بەرینەکەی کە جوانترین ناوچەیە لە ئازەربایجاندا. ئەم ناوچانە لە ژێر دەسەلاتی چەند خێڵ و تیرەیەکی دڕندە و سەرپێچدا لە یاسا و رێنزیم. ئەمانە دابین ناکرێن و سەرکەشن مەگەر خۆیان لە خۆیاندا لاواز و بێدەسەلات بن. تیرەی -بلباس- کە رۆژگارێک تیرەیەکی بەهێز و توانا بوون ئێستاش هەندێ خۆی کۆنیان ماوە بەوەی هەڵدەکوتنە سەر ناوچەکانی سولدوز و سەردەشتی دراوسێیان هەندێ جاریش دەگەنە سوج بولاق و -سابلاغ- هەروەها خێڵەکانی -روان و -و- هەرکی- و نوشت- و هەندێکی تریش هەوای ئەم عێرش و ئاژاوانەیان لە سەردا ماوە و پێی دڵخۆش دەبن. بەوەی باشە لە رۆژئاوای ئەم ناوچەیەوە هێزی گەورە و تۆقینەر بۆ ئەمانە پەیدا بوە کە جار و بار تەمێیان دەکات و هێمنی و ئاسایش دەخاتەوە بەشێکی زۆر لەم ناوچانە. -محمد پاشا- کەیە- ـــــی

ڕەواندوز - دەناسرێت چەند ساڵێک لەمەوپێش سەرەک خێڵێک بوو وەک هەموو سەرەک خێڵە کوردەکانی تر فەرمانـ دەیی پیاوە ئازاو جەنگاوەرەکانی خۆی دەکرد لە شەڕدا، تەنها بە ناوی -ڕەواندوزەوە ناسرا بوون ٠ ئەم پیاوە باوکی خۆی لە سەرداریی خێڵەکەی لا برد بە بیانوی ئەوەی کە باوکی ناتوانێ سەرداری و فەرمانداری خێڵەکەی بکات هەندێکیش دەبێژن باوکی لەبەر پیری و کەم توانایی و ڕووکردنە خەڵوەت و خوا پەرستی وازی لە سەرکردەی خێڵەکەی هێناوە و کوڕەکەی لە شوێنی خۆی داناوە ٠

محمد پاشا بە ووریایی خۆی براکانی دوور خستەوە لە دەستەڵات و سەرکردەیی خێڵەکەی و بڵێ پێی خۆی قایم و پتەو کرد ٠ هەتا بووە گەورەترین خاوەن دەستەڵاتی ناوچەی ڕەواندوز ٠ لە دوای ئەمە دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروباری خێڵەکەی و کۆکردنەوەی جەنگاوەران بۆ ئامادەبوونی ئەو نەبەردانەی نیازی بوو ٠ بەڵام ڕاپەڕین و سەرکەوتنی زیاتر بە هۆی ئەو جەنگەوە بوو کە لە نێوان ئێران و ڕووسیەدا بەرپا بوو ٠ ئەمە بوو هۆی ئەوەی میری ڕەواندوز هەموو هێزەکانی خۆی کۆ بکاتەوە و بەرامبەر دوژمنێکی ترسناک بوەستێ، ئەو دوژمنەی نیازی بووە کە میرو دەستەڵاتەکەی لە ناو ببات میر سوودی لەم هەلە وەرگرت و کەوتەوە سەندنەوەی ئەو ناوچانەی ئێران لێی داگیر

کردبوو بەڵکە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕۆژئاواوە هەر ئەو ناوچانەشدا چەسپاندو ئێستا بەشێکی زۆری سەرووی هەر دوو ڕووباری لەژێر دەستدایە لەگەڵ ئەو ناوچانەی لە هەولێرەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە کەرکوک لە لای ڕۆژ-هەڵاتی دیجلەوە .

هەر ئێستا بە دڵنیاییەوە پەنجا هەزار پیاوی ئازا لە ژێر دەسەڵاتی فەرمان ڕەوایی ئەودایە ، لە کاتی خۆیداو بێ دواکەوتن موچەو بەرەی نیوەی هەرەباشی ئەم پیاوانە دەنێرێت چونکە ئەو پیاوانە بەردەوام و بێ وەستان خەریکی شەڕو داگیر کردنن بۆ ئەوەی سنووری دەسەڵاتی خۆی گەورەتر بکات . لە مانە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەم پاشایە گۆڕانکاریەکی ڕەوشتیی تەواوی بەرپا کردوە لەو ناوچانەدا کە لەژێر دەسەڵاتیدان . ئێستا سەران سەری ناوچەکەی لەبری ئەو دزو جەردەو ڕێگرانەی کەس نەیدەوێرا بە هۆیانەوە هات و چۆ بکات لەبری تاڵان و بڕووی پیاو خراپی بۆتە وڵاتێکی پڕ لە ئەمن و ئاسایش و سەرفراز . ئەو دزانەی نە هێشتبێت کە ئەڵقەیەکیان لە مستی کەسێکدا شك ببردایە سەریان دەبڕی . ڕەگی دزی و جەردەیی لەبندا هەڵکێشا ، ئەویش بەوەی هەرکەس دزی لێ دەربکەوێت هەر لە جێی خۆیدا سزای دەدرێت یان دەکوژرێت سزاش بە پێی تاوانە ، دزو تاوانبار بەکەم جار چاوێکی دەردەهێنرێ یان دەستێکی دەبڕێت یا خود بوێتی دەبون ، بۆ دووەم جار لە

هەواڵنامەی کتێب

خراپتری بەسەر دێت ئینجا ئەگەر بوە سێ جار ئەوا سێ بەم جار بەیەك راست دەگوزرێت . میری رەواندوز ناچارە کە ئەم یاسایە بەکاردێنێ و دەی سەلمێنێ چونکە لە وڵاتێکی وەها پشێو و پڕ لە ناکۆکی و دزو جەردە یاسایەکی وەها رەق و بێ بەزەییانە نەبێت هیچ شتێ چاری ناکات . ئەم یاساو سزایەی میر کارێکی وەهای لە خەڵکی کردوە ئەگەر یەکێ کیسەیەك لیرە لەسەر رێگایەکا کەوتبێ ناوبڕی دەستی بداتێ بەڵکە دەچێت هەواڵ دەداتە موختاری دێ یەکی نزیك لە وناوە . موختاریش بە شاهیدی چەند کەسێك ئەو پارەیە هەڵدەگرێ هەتا خاوەنەکەی بۆ پەیدا دەبێتەوە . بە مەرجێك لە کاتی هەڵگرتنەوەی ئەم پارەو کیسەیەدا دەبێت راستەو راست میر ئاگادار بکرێت .

لە میر دەگێرنەوە برایەکی نزیکی خۆی بەلای باخی کابرایەکی هەزاردا گوزەر دەکات هەنارێك لە دارێك دەکاتەوە بێ ئەوەی خاوەنەکەی ئاگادار بکاتەوە. میر کە بەمە دەزانێ دەنێرێ بەشوێن براکەیداو دەربارەی ئەو کارە پرسیاری لێ دەکات و براکەشی پێی لێ دەنێ کارێکی وەهای کردوە میر لێی دەپرسێ بەکام دەست هەنارەکەت لێ کردەوە و بەچەند پەنجە گرتبوت . ئەویش دەست و پەنجەکەی پیشان داو میر دەست بەجێ ئەو دەستەی براکەی دەبڕێ .

چیرۆکێکی تریشیان لە دادپەروەری میر دەگێرایەوە کە راست لەبەسەرهاتێکی ـ نادـ شاـ دەچوو ئەویش بەم جۆرەیە :

لاشه ی پیاوێك له چه قی ڕێگای نزیك دێیه كدا ده دۆزنه وه
كه گورگ و چه قه ڵ په كیان خستبوو كراندبوویانه وه . ئه م هه واڵه
گه یشتبووه میر ئه ویش فه رمانی دا به دانیشتوانی ئه و چه ند
دێیه كه ده بێ ئه و گورگانه به زیندوویی بگرن و گورگه كان
ده گرن و میر فه رمان ده دات له پێش چاوی هه موان دا به
شێوه یه كی زۆر درندانه ئه و گورگانه ده كوژن .
ئه مه هه ڕه شه ده بێ بۆ دانیشتوانی ئه و دێیانه كه ئه گه ر
تاوانبار نه دۆزنه وه وه ك ئه م گورگانه یان لێ دێت . كاتێ
خه ڵكه كه ئه م كاره ساته سامناكه ده بینن تاوانبار ده ر-
ده كه وێت و سزای خۆی وه رده گرێت . ئه م به سه رهاته
نیشانه ی ده سته ڵات و دادپه روه ری ئه م میره ده سه لمێنن ..
لێره دا بۆ ئه وه ی بتوانم زیاتر له ده سته ڵات و شێوه ی فه رمان
ڕه وایی ئه م میره تان بۆ باس بكه م به شێك له یاداشتنامه كه ی
-دكتۆر ڕه وس- ده خه مه پێش چاو كه دكتۆری بالیۆزخانه ی
به ریتانیا بوو له به غدا ئه م دكتۆره خۆش به ختانه چووته
ده رباره ی میر و به میرنشینه كه یدا گه ڕاوه به هۆی ئه وه ی
میر بانگهێشتنی كردبوو بچێت بۆ لای بۆ چاره سه ركردنی
چاوی باوكی ئه ویش -میر مسته فا- یه میر مسته فا باوكی
میری ڕه واندوز پیاوێكی پیری نابینایه به هیوای ئه وه ی
چاوی چاك ببێته وه و ببینێ . میر هه واڵ ده نێرێت بۆ به غدا
بۆ لای كۆلۆنێل تایلۆر و تكای لێ ده كات دكتۆرێكی ئینگلیزی
ناوبراو بۆ بنێرێت بۆ ئه و كاره كۆلۆنێل تایلۆر - ئه مه به
هه ڵ ده زانێت بۆ نزیكبوونه وه و پته وكردنی په یوه ندی
له گه ڵ میری ڕه واندوزدا ، دكتۆر ڕه وس ده نێرێت . دكتۆر

لە کاردانێکدا بەرەو ڕەواندوز ڕێ دەکەوێت . ئەو کارەوانە
بابەزید بەگی مامی میر فەرمانداری دەبێت . کە پێشتر میر
ناردبوی بۆ بەغدا بۆ ئەم کارە پێویستە هەواڵی ئەوەشیان
بدەمێ میر جگە لە داگیر کردنەکانی نێوان هەردوو ڕووبار و
بەشی خوارووی وڵاتی ئاشور هەر لەو کاتەشدا دەستی بە
سەر وڵاتی ئامێدیدا گرتبوو . ئەو وڵاتە فراوان و بەپیتەی
کەوتبوە سەر ڕووی ڕۆژئاوای ڕەواندوز ژوو سەری موسڵەوە ئەم
وڵاتی ئامێدیە لە کاتی فەرمانڕەوایی بەگێک لە پاشاکاندا
جێگای ستایش و باس کردنی عەموولایەک بوە لەبەر بەپیتی
و جوانی و زۆری و قەرەباڵغی دانیشتوان . چەند پیاوێکی
خاوەن ڕێز و باوەڕ پێکراو پێیان وتم کە ئەو ناوچە بەدوازدە
هەزار دێی تێدایە . ئەم دێیانە بچووک نین و هەر یەکە
دوو سەد هەتا سێ سەد خانوو خێزانی تێدایە . ئەم قسەیە
دیارە دوورە لە ڕاستیەوە چونکە ئەگەر وامان دانا هەر
دێیەک سەد و پەنجا خانووی تێدا بێت و هەر خانوەیەکیش
پێنج سەر خێزانی تێدا بێت ئەوە دەکاتە نۆ ملیۆن کەس
ئەم ژمارەیە لە ژمارەی دانیشتوانی ئێران زۆرتر دەبێت .
بۆیە جێگای باوەڕ نیەو ئەمەشیان بۆیە وتوە تەنها مەبە-
ستیان لە زۆری دانیشتوانی ناوچەکە بووە . ئەم ناوچەی
ئامێدیە پاشایەک لە بنەماڵەیەکی کوردی ناسراو فەرمان
ڕەوای بوە لە ـ باب العالی ـ یەوە دانراوە . بەڵام بە هۆی
خراپی فەرمانڕەوایی و ناحەزی کەسانێکی زۆر و ڕقەبەرایەتی
ناو خۆیان ئەم دەسەڵاتە نەماو وڵات بۆیە چەند دەما
بەشەوە کە هەر بەشێک خۆی بە سەربەخۆ زانی بەرامبەر

دەسەڵاتی پاشا . پاشای کەم توانای سەر بەساتی نەگەیشتبوو .
کاری وڵاتی بەرەڵا کردبوو. خۆی خزاندبووە کۆشکەکەیەوە
لە ئامێدی لەم کاتەدا میری ڕەواندوز بە هێزێکی زۆرەوە
بەرەو ئەو ناوچانە دەکشاو توانی بە خۆی بەرتیاو خۆخۆی
ناو خێزانەکانی ئامێدی و نێو قەڵاکە دەرگای شوڕای بۆ تەخت
پێ بچێتە ناو قەڵاکەوە . پاشای گەورە بەم داگیرکردنە زیاتر
بوێزابەوەو عەولی داگیرکردنی ئەو قەڵا سەختانەی بوو کە
لە ناوچەکەدا مابوو . بەڵام لەو کاتەدا کە دکتۆر ڕۆس چوو
بۆ ئەو ناوە هێشتا ئامێدی داگیر نەکرابوو . میر ماندووی ـ
ئابڵوقەدانی ـ ئاکرێ ـ بوو کە ئەمیش بەاد لەو قەڵا زۆر
سەختانەی سەر ڕووباری ـ زێ ـ بوو . ڕێگای چوار سەعات
بە پێ ڕۆیشتن لە سەر ڕووی هەولێرەوە دوورە . دکتۆر ڕۆس لە
نیوەی مایسی ـ ١٨٣٣ ـ دا بەغدای بە جێ هێشتبوو لەو
تێبینیانەی سەبارەت بە گەشتەکەی تۆماری کردبوو ئەو
جیاوازیە گەورەیە بوو لە نێوان ناوچە ـ تورکی ـ و ـ کوردی
ـ یەکاندا ، لە ڕووی دانیشتوان و کاروباری کشتوکاڵەوە
تێکڕای دێهاتی ناوچە تورکیەکان چۆڵ بوون . دانیشتوانی
لە تاو ئەو ئەرکە قورسانەی میری لە سەری دابوون
ڕایان کردبوو . تاڵ و تەرابەکیش کە لەوێ مابوەوە ناڕەزا-
یی و سکالایان لە دەست ـ عەلی ـ پاشای بەغدا هەبوو .
هەر کە پیاوێکی میری لە دوورەوە دەردەکەوت خەڵکی
ڕایان دەکرد و خۆیان لێ دەشاردەوە بەڵام کاتی کاروانەکەی
دکتۆر ڕۆس گەیشتە ـ بردێ ـ خەڵکی بە سەردا داباری بۆ
پێشوازی کردنی بابەزید بەگ . خەڵکەکە گوڵیان لە سەر

سەری خۆیان دانا بوو وەك چۆن لە ڕۆژی سۆنەپشودا وەها
دەكەن . پالە پەستۆیان بوو بۆ ماچ كردنی دەستی بابەزید
بەگ كاتی بە بەردەمیاندا تێدەپەڕی . بە ئاوازو دەنگی
بەرزەوە ستایشیان دەكرد . ئەو دەشتەی لە نێوان-پردی-
و- هەولێردا - دڕێژ دەبێتەوە بە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگەوە سەوز
زابی نەخشا بوو. سەرانسەری وڵاتەكەش قەرەباڵغ بوو.
دكتور ڕۆس ئەمتا . ' پێشوازی باسی بەرگی ڕەنگین‌و شكۆ و
دیمەنی جوانی بابەزید بەگ دەكات .

لەنۆزدەی مایس دا دكتور ڕۆس هەولێری بە جێ هێشت و
كەوتە ڕێ بەرەو ڕەواندوز ، ئەو جێگەیەی مستەفا بەگی
بەرۆپەك كەوتەی لێ بوو. لە دوای ئەوەی چەند ناوچەیەكی
شاخاوی داپۆشراو بە داری (سەرو) یان بڕی ، چەن بەندەنم
ڕێگای سەرەولێژیان بڕی گەیشتنە - (دمدم) - ئەو مەڵبە-
ندەی بەسەر ئەمو دەشتی ڕەواندوز و قەڵاكەیدا دەڕوانی
جێگای مستەفا بەگ نەخۆشیش بوو. قەڵاكە بە عاتێك بە
سواری ولاغ لەوێوە دوورە . دمدم قەڵایەكی بچوكە لە سەر
ترۆپكێكی بەردەڵانی بەرز دروست كراوە . بەرزیەكەی
دەگەیشتە سەد قەدەم . بە سەر شارۆچكەیەكی بچوكدا
دەڕوانی كە بریتیە لە سەد خانوی بەر پوت لە نێوان-دارستا
نێكی چڕو باخ و باخاتێكی بەرداردا بڵاو بۆتەوە . شاری ڕەوا
ندوز وەك دەردەكەوێت بریتیە لە دوو هەزار خانوو وە قەڵا-
یەك لە نێوان كۆمەڵە خانوەكدا لای سەری خوارەوەی زەمای
كەوتوو ، لە سەر زەوی كەوتوە بەرز تەدی داری كەوتووە ابەڵ
كراوە و كۆشكی شاوتە تەسەرەو لە سەر دوو ستونی بەرد ـــ

بۆتە پرد . ڕووبارەکە تەسك و خوڕە ، ترسناك و قووڵە . لە خوارەوە لە دووری هەشت سەعات ڕێگا ـ کەڵەك ـ ئەم ئاوە دەبڕی و خەڵکی دەپەڕنەوە . ڕێگەیان بە دکتۆر ڕوس نە دابوو نە بچێتە ڕەواندوز و نە زۆریش بە ناوچەکەدا بگەڕێت باسی ئەوە دەکات دەربارەی شتێکی سەرنج ڕاکێش هەندێ قسەی بیستبوو ئەوەش ستوونێکی مەڕمەڕ بووە نە لە سەر بنکەیەك دانراوە و درێژییەکەی سی ڕم یا خۆد سی هەتا سی و پێنج پێ بووە .

نووسینی لە سەر هەڵکەندراوە . ژمارەیەك لە ئەوروپییەکان لە چەند سەردەمێکدا ویستوویانە بیبینن بەڵام نەیان هێشتووە . وەك ئەڵێن ئەو ستوونە ڕێگای دوو ڕۆژ لە دمدم ـ ەوە دوورەو ( سەمیر ئەمیس ) ی شاژن لەوێدا دروستی کردوە .

( ١٠ )

دکتۆر ڕوس لە بارەی دمدم و دانیشتوانییەوە بە شێوەیەکی باش نەینووسیبوو . بۆ دانیشتوانی دەڵێت ـ (( ئەمانە وەك دیارە ئەوی باش بێت لە دنیادا نایزانن . جل و بەرگی شڕ و نارێکیان لە بەردایە خانووەکانیان لە کۆنە بەراز دەچێت . ڕەوشت و خوویان درندە ئاسایییە دەفریاك شێر نادەن بە کەس بەبێ هەراو تووڕە بوون . دەبێ هەموو شتێك بە زۆر لێ سەنرێت . کاتێ هەندێ دەرمانم دەدانێ خۆرتە و بۆڵەیان بوو چونکە شووشەم نەدا بوونێ دەرمانەکەی تێ بکەن . جل و بەرگی دەوڵەمەندەکانیان وەك جل و بەرگی بەندایەکان وەهایە . بەڵام هەژارەکان پۆشاکی کورت و شەرواڵی خوری و خوری و کورتەکی لبادە کەوش و کڵاش لە پێ دەکەن .

چەقنە دەدەن بەکۆلیان داو لە دوو لاوە گرێی دەدەن ، تاس کڵاوی بە پۆلەکە و لیرەی زیو لە سەر دەنێن . مناڵ لە سەعات کردنیان شتێکی سەیرە ؛ قولی ڕاستی بەکتر دەگرن و دەست ماچ دەکەن . ئەمەو ئێوارەیەک ئەش یا خود هەشت لە دێ نشینەکان و چەند جەنگاوەرێکی عاوڕێی کۆنی سەردەمی لاوێتی میر لە ماڵی نان دەخۆن .

ئەوەی دکتور روس لێرەدا تێبینی کرد بوو بڵاو بونەوەی کوێری بوو لە ناو خەڵکدا . لەوە دڵنیا بوو مستەفا بەگ تەواو کوێر بوە و چار نی یە خۆی دەیگێڕێتەوە خۆی کوێر بوونی ئەوە بوە لە کاتی هەڵگەڕانیدا بە چیایەکی بەرزدا ماندوو دەبێ ، گەرماو ماندوێتی زۆری بۆ دێنێ کڵوێک بەفر لە سەر چیاکە دەخاتە سەر سەری . ئەی لێ دەکات بە نەخۆشی و دواجار کوێر دەبێت . هەندێکی تر دەڵێن بە فەرمانی میری کوێر چاوی هەڵکوڵدراوە یاخود میلێلی سوورەوە بووی پێدا هێنراوە . بەلام خۆی ئەوەی کەوازی لە فەرمان ڕەوایی هێناوە بۆ کوڕەکەی جێگای گومان و دڵنیا نەبوونە . هەندێک دەڵێن لابردنەکەی بەزۆر بووە . هەندێکیش دەڵێن باوەڕی زۆری بە توانای کوڕەکەی بوە و بە ڕەزامەندی خۆی ئەوی لە شوێن خۆی داناوە . میر محمد یا خود پاشا چوار برای عەن لە زیاندان . بەلام دوانیان واتە تەیمور خان و سلیمان بەگ لە تەلابەکدا بەنکراون پێنج سەعات لە ڕەواندوزەوە دوورە .



ئەحمەد بەگی سێیەم برای فەرمانداری عەولیری لە ئەستۆیە برای چوارەم کەرەسول بەگە کاروباری سوپای لە دەستدایە

میر سێ ژنی هەبەو وەچەی نییە . ئێستاش کە
تەمەنی لە چل و پێنج ساڵدایە بە هیوای ئەوەی لێ ناکرێ
ئیتر منداڵی بۆ پەیدا بێ لە بەر ئەمە رەسول بەگ بە
گوری خۆی دادەنێت . ٨

( ١٢ )

دبارە لە - دمدم - بە باشی لەگەڵ دکتور روس هەڵس و کەو-
تیان نەکرد بوو گەڕا بووەوە هەولێر و چاوەڕێی فەرمانی
نوێی میری دەکرد . لەو ڕێگایەدا بە لای دێیەکدا گوزەری
کرد بوو تەماشای کرد بوو خەڵکەکە منداڵەکانیان دێنن بۆ
لای پیرەژنێک کە بە ڕێکەوت لای دا بوە ئەوی هەتا دەست
بە سەریانەدا بهێنێ و ا موفەڕکیان بداتێ و ئەوانیش پارەی
بدەنێ - سەری منداڵەکانی دەگرت و دوعای جادوی بەسەرا
وە خوێندن . دکتۆر ئەوی دەرکەوتبوو کە کوردەکان وەک
گشت جیانشینێک باوەڕێکی بە هێزیان بە خەرافیات هەیە
هەر گردو هەر لوتکەیەک خێوی خۆی هەیە . لە نزیک
رەواندوزەو ئەشکەوتێک هەیە گوایە پڕە لە خێو . وەک
ئەڵێن ساڵی - ١٨٣١ - لەم ناوچەیە دەنگی گەمەو زرمەی
چەند تۆپێک بەرەو دێیەکە بیستراوە . هێندەی پێ ناچێت
دوای ئەوە تاعون . بڵاو دەبێتەوە . لە دوایدا لەگەڵ
تاعونەکەدا هەردوو کپ دەبن . کە سانێکی زۆر باوەڕیان
بەمە هەبووە بە شتێکی ڕاستیان دەزانی تێبینیەکانی دکتۆر
روس لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ هەولێر دەردی دەخات
میوان داری کوردی بە دڵ نەبووە . تەنانەت بابەزید بەگی
ڕابەری کە هەتا ئەو کاتە ماوەرێی نزیک و خۆشەویستی بووە

دەستبەرداری ئەبێ و هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەگۆڕێت و بەجێی دەهێڵێ .

دکتور روس لە هەولێر لە بارەی کوردەکانەوە زیاتر شارەزا-یی پەیدا کرد بوو . بەتوندو تیژی لە بارەی سروشتی جەنگ و شەڕخوازیان دەدوێت و دەڵێت لە سروشتی مرۆڤی کورد جەنگاوەرانە هەڵکەوتوە لە سەر لانکەوە فێر دەکرێن . بەبێ جەنگ و ئاژاوە ناحەوێنەوە . چەند هەرزە بە کم بینی تەمە-نیان لە دوانزە و یانزە ساڵ تێنەپەڕیبوو ناڵە یان بوو لە ئازادی ئەو زانیاریە لە شەڕێکی ئەو دواییەدا تووشی هاتبوون . بۆم دەرکەوت شەڕەکانیان زۆر خوێناویە بە شەڕە تفەنگ دەست پێدەکەن و ئنجا بە خەنجەر . شەڕی ئەمان وەک عەرەبەکان نیە کە هەراو هوریایەکی دەنێنەوە و هیچیش لە یەکتر ناکەن . بەڵکە شەڕی ئەمان خوێناویە و دەبێتە هۆی گەلێ کوشتن و بریندار بوون . گەلێ جار گاڵتە بە دەستە لاتی بەغدای سوپاکەی دەکەن دەڵێن ئەگەر ئەو شارە سوودێکی بۆ ئەمان هەبوایە نەیان دەهێشت تورکەکان رۆژێک بە رانبەریان بوەستنەوە و داگیریان دەکرد . گەلێ جار هەڵیان بۆ هەڵکەوتوە بۆ داگیر کردنی هەولێر و پردێ. نەیانەتوانیان بە سەعاتێ هەولێر داگیر بکەن .

بۆ کەل و پەل و پێویستی ژیانیان لە هیچ شوێنێکەوە نانێرن بەڵکە هەموو شتێک خۆیان بەرهەمی دێنن . لەگەڵ ئەوەشدا کە چیاکانیان لە لای بەفت و جبەگای بەرگرین بۆ ئەمان دژی داگیرکەران . بەڵام دەشت و دۆڵەکانیان کە کشت و کاڵی تێدا دەکەن بەڵام لە چاو ئەو هەولێرە زۆرەی

بۆی خەرج دەکەن . لە هەمان کاتدا ئازوقە و سامانێکی لەبن نەهاتوە بۆیان لە دار و ئاو و لە وەرگا . وڵاتی دەوروپشتیی هەولێر لە لایەن پاشاوە سپێرراوە بە شێخی ئەو خێڵ و ئیدانەی لە دڵدان . ئەوانیش بە پێی یاسای خێڵەکی خۆیان فەرمان ڕەوایی دەکەن . خێڵەکانی ـ طەی ـ عەرەب لە ژێر دەستە- ڵاتی پاشادان . پیاوانی جەنگاوەری خۆیان دەنێرن بۆ لەشکری پاشا . بەتایبەتی کاتی لە ئاگری بەو کۆمەکیان بۆ کرد . پاشا لای ئەوانە خۆشەویستە و لێی دەترسن ئەمەش بە هۆی توانا و هێزی فەرمانڕەوایەکەیەوەیە . بەدەگمەن باسی دزی و جەردەیی دەبیسترێ . لەشەودا هیچ دەرگایەک داناخرێ . بەرانبەر بە دزی دەست و بۆ ڕاکردنیش لە سەربازی قاچی تاوانکار دەبڕنەوە . بۆ تاوانەکانی تریش چاوێک یا خود هەردو چاو دەردێنن زۆرجار سزای لە مە خراپتریش بەڕێوە دەبرێت هەتا ببێتە پەند بۆ خەڵکی .

ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێ لە شێخەکانی خێڵی ـ طەی ـ عەرەب

( ١٣ )

لە لایەن خێڵی بەهێزی ـ جبا ـ وە ڕاو دەنرێت . خۆی و خێڵەکەی پەنا دەهێننە وڵاتی میر . لەوێ لە سایەی ڕژێم و یاسای میرەوە ژیانێکی خۆش دەباتە سەر . بەڵام دەست بەتاڵی و کیپی و بێ دەنگی بێزاری دەکات لە کاتێکدا کاروانێک لە نزیکیانەوە تێدەپەڕێ ئارەزوی ماڵ و سامانی زۆری کاروانەکە زۆری بۆ دێنێ و کاروان ڕوون دەکاتەوە . بۆ ڕۆژی دوایی هەر کەتارێک دادێت . تیپێک لە جەنگاوەرانی میر دێن لە تۆڵەی ئەو تاوانەیدا سەری دەبڕن و سەری بەسەر

دەرگای خێوەتەکەیەوە هەڵدەواسن و بەبێ دەنگ دەگەڕێنەوە . کاتێک دکتۆر رۆس چووبووە هەولێر وەک پێویست پێشوازی نەکرا بوو لەلایەن ئەحمەد بەگی فەرمانداری هەولێر کەبرای میر بوو . تەنها سوڵتان بەگ چوو بە پیری دکتۆرەوە کە بەکێک لە سەرۆکەکانی سەربازگەی شار بۆ دکتۆر لەوێ زانیبووی سوپاکە پێک هاتووە لە پانزە هەتا بیست هەزار پیاو . هەموو بێکارو فرمان لەسەربازگەکەدا دانیشتبوون . چونکە ئاگری پێشتر داگیر کرا بوو ، ئەو شارەی بەشورایەکی بەرزدیبن دەوری گیراوە بەرەو ئاسمان هەڵچووە ، بۆیە کەس ناگاتە ناوی تەنها لە رێگەیەکی تەسک و تەنگە بەرەوە نەبێت کە دوو کەس شان بەشانی یەک ناتوانن پیایدا تێپەڕن . دانیشتوانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە هیچ هێزێک لە جیهاندا ناتوانێ داگیری بکات تەنانەت پاشا خۆی چاوەڕێی ئەوە نەبوو وەها زوو قەڵاکەی بکەوێتە دەست . لەپێش ئەمەدا رۆژێک پاشاکە وتبووە بەر هێرش بۆسەیەکی دوژمنەکانی خەریک بوو بەبدەست بکرێ هەر بۆیە بەیانی خۆی فەرماندەیی هێزی کردووەو بەماوەی سێ سەعات ئەو جێگایەی داگیر کردوە پاش ئەوەی سەدو پەنجا لە پیاوە ئازاکانی کوژرا بوو . کوردەکانی ئامێدی سەربان لەم نەبەردیەی میر سورما بوو بۆیە ئەو بەشانەی مابوەوە بەبێ کوشتار بە جێیان هێشت لە رۆژی (٣٠) ئابار نووسراوێک لە پاشاوە هات بۆ ئەوەی دکتۆر رۆس لە هەولێر بمێنێتەوەو فەرمانی دابوو بەو پەڕی رێزەوە رەفتاری لەگەڵ بکرێت . ئەمە بوە هۆی ئەوەی باری گوزەرانی و ژیانی باش بێت . لە (٦)ی

حوزەیراندا هەواڵ گەیشت ئاژاوەی ئامێدی کۆتایی ھاتوە. پاشای پێشو (سەید پاشا) لەپلەو پایەی خۆی ھێناوەو (موسا پاشا) (١٤) چۆتە شوێنەکەی.

سەلیم پاشا لە ئاگرێ دانراوە چونکە سەرانسەری وڵات مال کەچ و لەژێر فەرمانی دەستەڵاتی رەواندوزدا بوو. ھەموو شت ئارام و خامۆش بوو. لەگەڵ ئەمانەشدا ھیچ فەرمانێك لەمیرە نەھاتبوو کەدکتور روس بنێرێ بۆ سەربازگەی میر ھەتا رۆژی (٣٠) تەموز کەپاش مقۆمقۆ و بگرە و بەردەیەکی زۆر ھەواڵی ھاتنی لەپڕ و خێرای پاشا بۆ عەولیێر راگەیەنرا. چونکە خێزان و دارو دەستەو بنەماڵەی پاشا ھەرگیز ناوی ئەو جێگایانە ناھێنن کەپاشا بۆی دەچێت و کەس لێی ئاگادار نابێت. ھەتا پاشا دەچێت و دەزانرێت دکتور روس لەرووباری - زێ - بەکەلەك پەڕیبەوە. کاتێ باسی کەلەك دەکات بە - گالیسکەی نبتون - ی دادەنێت. بەھۆی دوو ئەسپەوە کەڕای دەکێشاو گەلێ جاریش دەستیان بە کلکی ئەسپەکانەوە دەگرن.

دوای رێ رۆیشتنی چواردە سەعات و برینی (٥٦) میل ئەوکۆمەڵە گەیشتە ئاگرێ و سەروی رۆژھەلاتی ئەو ناوچەیە. پاشا پێشوازیەکی باشی لە دکتور روس کرد بوو. داوای لێبوردنی لێ کرد بوو لەوەی کە نەیتوانیبوو وەك کارگوزارێکی ئینگلتەرە پێشوازی بکات چونکە زۆر لەدەست و پێوەندەکانی کە تازە چاویان کراوەتەوە وەستانی پاشاو ئەوشان بەشانی بەك بەوە دەزانن کە ھەردوکیان لەبەك پلەدان و ئەمە لە بەرژەوەندی پاشا نیە. دکتور باسی پاشا دەکات و دەڵێت

(( پیاوێکی پیاوانە و بە سام و خێر خوا بوو ، تەمەنی دەگاتە
چل و پێنج ساڵە پێست سپی و جێ دەست و نیشانەی کۆنی
ئاوڵە بە دەم و چاویەوە بوو . چاوێکی نابیناو تاریک بوو ریشی
دوانزە گری درێژ بوو . رەنگی بۆرێکی کاڵ بوو ، نیوەی خوارە
وەی ریشی دا نەهێنا بوو بۆیە لول و ئاڵۆزە . لە جل و بەرگا
پۆشتە و رێك بوو قاچێکی کەمی ناتەواو بوو بۆی دەشەلی .
لە ئەسپ هەڵدێرا بوو . بە دەنگێکی نزم دەدوا زیاتر لە
جارێك گفت و گۆیەکی درێژی لەگەڵ دوکتۆر روس دا بووە .
سەبارەت هەندێ بابەتی گشتی . وەك رێگای خوێندن و فێر
بوون لە ئینگلتەرە ، ئاینی دانیشتوانی هیندستان و چین . لەو
وا بوو چین هەر وەك هیندستان سەر بە ئێمە بە . حەزی
دەکرد پەیوەندیەکانی ئێمە بە ئێران و روسەوە بزانێت لە
بونەیەکی تردا دەربارەی بەکارهێنانی داو و دەرمان و کاری
گەربەکانی پرسیاری دەکرد ، دەربارەی لێدانی دڵ و دەما-
ری لەش لە کاتی نەخۆشیدا و چۆنیەتی نەخۆشیەکانی تاعون
و رشانەوە پرسیاری دەکرد . لە دوای ئەمانە هاتە سەر
باسی سەبارەت بە جەنگ باسی دەمانچە و تفەنگی دەکرد .
دەمانچەیەکی ئینگلیزی کۆنی دوو لولە و تفەنگێکی دەرهێنا
لەگەڵ شمشێر و تەلەسکۆپ و چەند و چەپابەکی تەختە و
چەند سنگێك کە بەشی زۆری کەل و پەلی ناو خێوەتەکەی
بوون . لە نزیك خێوەتە تایبەتیەکەی خۆیەوە خێوەتێکی
فراوانە هەبوو ، دوو ستونی گەورەی هەبوو . لەوێدا لە پێش
نیوەڕوان و شەودا کۆبونەوەی تێدا ساز دەکرا . میر ئەتا
بەردەبەیان نانوی ، لەبەرە بەیانەوە هەتا نوێژ و دەی سەر

لە بەیانی دە نوێت • پێش نوێژ بە چارەسە سەعاتێك جوق و مۆسیقا لێ دە درێت لە كاتی نوێژدا تۆپێك ئاگر دەكرێ •
سەبارەت بەو هێزەی لە سەربازگەكەدا بوو دكتۆر روس بە دە هەزار پیاوی دادەنێت • كە ئەمە نیوەی راستی سوپا ـ كەیە • ئەوانی تر مەرەخەس كراون بەرەو ماڵەكانیان بۆ كاروباری كشت و كاڵ و دروێنە سەربازگەكە داب و دەستوری سەربازی تێدا نیە • تەنها لە دەورو بەری خێوەتەكەی پاشا نەبێت پاسەوانە تایبەتیەكانی خۆی دەوریان داوە و ژمارەیان سێ هەزار سەربازە • ئەم سەربازانە لە هەمان كاتدا وەك خزمەتچی كاروباری تری پاشاو سەربازگەكە رادەپەڕێنن • بەشی پیادەی سوپا تفەنگ و خەنجەر و سوارەكانیش رم و خەنجەریان پێیە • هەر سەرەك خێڵێك بە جیا سەربازەكانی خۆی بە دەوریدا پاسەوانن • ئەم جیایی و كۆمەڵ كۆمەڵی خێڵانە دیمەنی سەربازگەكەی ناشیرین كردوە، وەها بڵاو بونەتەوە ئەگەر بە چاوی باسای جەنگی ئەوروپی تەماشای بكەین وا دەزانین پەنجا هەزار جەنگاوەری تێدایە • لەگەڵ ئەمەشدا ئارام و بێدەنگە هەر كەس بە پێنج دەقیقە دەتوانی بگاتە هەر شوێن كە بینێرن • ئەو پیاوانە بۆ خۆیان بەردەوام مەشقی تفەنگ چێتی و نیشان شكێنی دەكەن • هەموو شەوارەیەك سەد هەتا دووسەد سەرباز لە خێوەتی پاشادا نان دەخۆن • ئەمەش پەیرەوی پاسایەكە بۆ ئەوەی پیاوانی هەموو خێڵەكان بەشدار بن •

ژمارەیەك دیل لە سەربازگەكەدا دەبینران، تەوقی ئاسن لە مل و قاچیاندا بوو • میر پیشەیەتی كەرەستەی جەنگ و

نەبەرد بەدەوو ئەوەندەی نوقمی خۆی دەکرێتەوە .

لە رۆژی یەکشەممەی ئەوسۆدا دکتۆر رۆس سەربازگەی پاشا بەجێ دێڵێ و رێگای موسڵ دەگرێتە پێش . لە بەری ئەو بەری ـ زێ ـ دا سەد سواری عەرەب لە خێڵی ـ أبو سلمان ـ دەبینێ کە ئامادە دەبن بۆ گەبانەدنی ئەم ئەوەندە کە لە سنووری خاکی میری رەواندوزدا بێت . کەچی ئەم نارەزا بوو ئەو ژمارە زۆرە لەم پیاوانە لەتەکیدا بن . بەڵام سەرەکی ئەو عێزوتێ ی گەیاند بوو کە فەرمانیان وەها بۆ هاتووە و ناتوانن دەست بەرداری بن . لێرەدا دکتۆر رۆس بەعەلی دەزانێت ئەو جیاوازییە دەربخات کە لە نێوان فەرمانداری پاشاو تورکەکاندا هەیە . هەرکە دەگاتە ئەو ناوچانەو زۆربەردە دەوری لێدەدەن بۆ سەرانەڕوونی دەکەنەوە ، بەوەش بازی لێ ناهێنن دوای دەکەون بۆ نیشتەجێگەی هەتا زیاتر دەستکەوتیان ببێ . بەڵام لە خاکی سەر بە میری رەواندوزدا ئەم جۆرە شتانە نییە باسی نەکراوە . دکتۆر رۆس لە هەموو بارەیەکەوە جیاوازی دەستەڵاتی ـ عەلی پاشا ـ ی بەغداو میری رەواندوزی نووسیبوە . باسی ئەوە دەکات کە چۆن خیانەت و دزی و بەرتیل و سەرانە لە دەربارەی عەلی پاشادا پەرەی سەندوە و بە پێچەوانەوە لە دەربارەی میری رەواندوزدا جگە لە خۆبەخت کردن و رێز و خۆشەویستی شتێکی تر نەبوە .

لێرەدا کۆتایی بەو بیرورایانە دەهێنین کە لە یاداشتە-کانی دکتۆر رۆسدا نووسەر بوو . بەلای منیشەوە ئەو زانیار-یانەی زۆر کەس بۆیان بەخشیم لەو لایەنانەوە راستی باس و بۆچوونەکانی ئەو یاداشتە دەسەلمێنن . کەسێتی میر و

پەرشتی لە کردارەکانیدا دیارە هەتا بڵێی هەوڵی باشتر و زیاتر دەدات و هەموو ڕێگەیەکیش بەکار دەهێنێ بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی . بەڵام بەرچاوتەنگ و خۆپەسندە ئەگەر چی زۆربەی کارەکانی لە پێناوی دادگەریدایە . تێبوونی نی بە لە سزادان و فراوانکردنی وڵات و کوشتن و تاڵانکردندا بەڵام ئەمانە بە بێ هۆ و ناڕەواناکان . کە هاتە سەر نەبەرد چی لە ڕێگادا هەبێت بێ پرسیار و سڵ کردنەوە دەی کوژێت . بۆ نموونە گێڕابانەوە لە کاتی ئابڵوقەدانی ئامێدیدا یەکێک لە خێڵە کوردەکان دژی وەستاونەتەوە . کاتێک ئامێدی گرتووە و سەرکەوتووە تۆڵەیەکی کوشندەی لەو خێڵە کردۆتەوە و ژمارەی ئەوانەی لێی کوشتووە گەیشتۆتە چەند هەزار پیاوێک . ئەمەشی بۆیە کا کرد بۆ ئەوەتا بۆ خێڵەکانی تر ببێ بە پەند .

لە سنووری وڵاتی میردا هەموو کەس سەربەستە . تەنانەت ئەو کەسانەی لە وڵاتی دراوسێ و نزیکەوە دێن پێویستیان بە ناسنامە و پەساپۆرت نییە . ئەمانە بە بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کەل و پەل و کاری ترەوە خەریکن . بەڵام بزانرێت کەسێک لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووە و ئەو وڵاتە ڕۆژێک لە ڕۆژان دوژمنایەتی لەگەڵیان هەبووە ئەوا دەست بەجێ بەدەستدەگیرێ و بە سیخوڕ ناو دەبرێت . پرسیارم کرد سەبارەت بەوەی کە ئەگەر منیش وەک کەسێکی وەها بێ ئاگادار کردنەوەی میری دەستەڵاتەکەی . بهاتمابەتە ئێرە چی دەبوو ، لە وەڵامدا وتیان ئەنجامێکی باشی نەدەبوو . بە بەدەست دەگرام لە قەڵای شوێنێکی سەخت و دووردا بەند دەکرام هەتا میر لە مەبەستی

هاتنم ده گه یشت • به تایبه تی که له ته وریزیشه وه هاتووم، کاتێکیش میر له مه به ستی هاتنم بگه یشتایه ئه وا بێ ئه وه ی بهێڵێ هیچ ببینم له وڵاته که یان به ده ریان ده نام• لــه وه دڵنیا بووم له سنووری ده سته ڵاتی میردا تووشی زیان نابـــم

( ١٦ )

به ڵام له ده ره وه ی ده سه ڵاتی میردا که رێگای وڵاتێکی بشێوو بێ یاسا ده بڕم دوور نیه تووشی به ڵایه کی زۆربیم •

ئه وه ی منی هێنابه سه ر ئه م جۆره باوه ڕانه به رامبه ر داد گه ری و یاساو ڕژێمی پته وی میر ئه و تواناو ده سه ڵاته له بن نه هاتوه ی بوو به تایبه تی له ئه م پێنج شه ش ساڵه ی دواییدا که داگیر کردنه کانی زۆر جێگای سه خت و دووری گرته وه • جگه له مه ئه و گۆڕانه ڕه وشتیه جوانه ی له م به شه ی ئاسایـــادا به رپا بووه • هه ر به م بیرو خه یاڵه وه نامه یه کم له ـ پاپه ر پی گراو ـ وه رگرت له گه ڵ هه ندێ دیاری دا مه به ستم له وه ئه وه بوو • که به ده ستی خۆم ئه و دیاریانه ی پێشکه ش بکــه م هه تا ببێته سه ره تای دۆستایه تیم له گه ڵیاو بۆ دوا ڕۆژ سوود به خش بێت ـ نه خشه که م دا بۆ نه چمه / شنۆ ـ که ماوه ی دوو ڕۆژ لێره وه دووره و شه ست میلیش له ره واندوزه وه • ئنجـــا نامه یه ك بۆ میر بنێرم، تیایدا ڕوونی بکه مه وه من کێــــم و مه به ستم چیه و بۆچی هاتووم • رابه رێکم بۆ بنیرێ هه ســـوو ئه و نامه و به ڵگانه ی له لامه بۆی بنێرم بۆ دڵنیا بـــــوون• ئه گه ریش نیری بۆ شتێکی تر بچێت ئه وا رابه رێك بنێرێـــت دیاریه کانی بۆ ده نێرم • به ڵام به داخه وه نازانی چه نـــده دڵ شکست و زویر بووم کاتێ زانیم میر له ره واندوز نیـــه

وەك من وام دەزانی بەڵکە ڕێگەی دەڕۆژ لەرەواندوزەوە دووڕە • لەو کاتەدا ئەو سەرگەرم و ماندوی نەخشەو پلانی داگیر کردن و فراوان کردنی دەسەلاتی خۆی بوو ئنجا ئەگەر نامەی بۆ بنیڕم بیست ڕۆژ دەخایانێت هەتا دەگات وەلامی دێتەوە • دەبێ بیست ڕۆژی تریش بمێنمەوە هەتا بتوانم بگەمەلای و بگەڕێمەوە ئەمەش وەهام دوا دەخات کە بەهیچ جۆرێك ماوەی ئەو دواکەوتنەم نیە • هەرچەندە ئارەزووبەکی زۆرو بێ وێنەم هەبە بۆ ڕۆیشتن بۆ لای میرو بینینی ولاتەکەی بەلام کە لێ هۆی ئەوتۆ ڕێگەم لێ دەگرن کە سەربەستی و حەزو ئارەزووی خۆم پێ شێل بکەم سەرەرای ئەوەی پێشتریش دەبێ میر لە ڕۆیشتنەکەم بۆ لای ئاگادار بکرێتەوە • ئەمجارەش قوربانیم بەو مەبەست و ئارەزوانەدا کە دەبوو بە ئەنجامی بگەبەنم • پاش ئەوەی تەواو شارەزا بووم و زانیاریم وەرگرت لەبارەی ئەم میرە سەیرو بێ وێنەیەوە •

## ((– بەشی دووەم –))

فرەیزەر لە شاری سلێمانیدا ساڵی ١٨٣٤
سلێمانی- یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٤
ئازیزەکەم ،

دوو ڕۆژ لەمەو پێش نامەیەکم بۆ ناردی بەڵام دوایی
وتم دەبێت بیبەم بۆ بەغدا چونکە لێرەوە پۆستەنیە بۆ
لەندەن . دوێنێ دوای بەرچایی هەندێ ئەفسەری ئێرانی
هاتن بۆلام، ئەوانە فەرماندەی ئەو سەربازە ئێرانیانەی

( ١٧ )

ئێرەن . کارەساتی ناخۆشیان سەبارەت بە باری گشتی ئێرە
دەگێڕایەوە، بەڵام لەوە ناخۆشتر نەبوو کە دەبینرێ و دیارە
دوای ئەمە چووەمە دیدەنی پاشا لە خێوەتەکەی خۆیدا، چەند
کوڕێکی چاپوک دەوریان دابوو . بەڵام هیچ دەبرەبەی ٧
شان و شکۆیەکی ئەوتۆی نەبوو . بێچارە پیاوێکی وەها،
ناچاریشە چونکە باری پاشایەتی بچوکی سلێمانی وەهایە .
هیچ کات نە دەوڵەمەند بووە و نە بەهێز . نێچیری کۆمەڵێ
نەگبەتی بووە کە خستویەتیە چڵپاوی بەدبەختیەوە . واتە
بەربەرەکانی و ڕقەبەری بنەماڵە و خانەوادەیان پلیشا-
ندویەتیەوە . واتە ئەو شەڕە ناخۆشی و خۆبەخۆییانەی
نێوان دوو برا کە بۆ دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی بەرپای
دەکەن . ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە بێگانە دەست بخاتە
کاریانەوە . ئەو پاشایەتیەی پێشتر سەربە پاشایەتی بەغدا
بوو کە وتویانە دەستی- محمد علی میرزا - کە میرێکی ئێرانە

لە کرماشان . ڕقەبەری تێدەگەڕێ و پشێوی ناوخۆ هەمیشە بەردەوامە . هەتا هەردوو لای بە جۆرێك بێ هێز کردوە کە میری ڕەواندوزی عاوسێبان دوای مردنی ـ محمد علی میرزا ـ بۆی لوا بەشێکی زۆری میرنشینەکەیان داگیر بکات . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شەڕ بکەوێتە نێوان ئەو و فەرمانڕەوایی ئازربایجانەوە کە خاوەنی دەستەڵات بوو بەسەر ئەو ناوچا ـ نەدا . بەشی شاری سلێمانی نەگبەتیش ئەوە بوو کە ئەرکی بەخێو کردنی ئوردوی ئێرانی بچێتە ئەستۆی ، سەرە ـ ڕای ئەوەی سەرانەش بە ئێرانیەکان دەدات . دوای ئەمە نەخۆشی تاعون وڵاتی داگرتەوە بە جۆرێك نیوەی دانیشتوانی

( ١٨ )

شارەکەو دێهاتەکانی دەوروبەری لەناو برد ئەو نیوەیەی تریش کەمابوەوە و توانایان هەبوو لە دەست ئەم دەرد و بەڵایانە باربان کرد چوونە ڕەواندوزو کەرکوك و هەولێرو چەند ناوچەیەکی دەشتایی لەو ناوەدا . ناچاریش بوون بەم شێوەیە سەری خۆیان هەڵگرن چونکە هیچ دەروبەکیان لێ نەدەکرایەوە و لە دەست ئەو بارو دۆخەو سەرانەو باجسەندنە مەرەخەس نەدەبوون . ئاوەها ئێران دوژمنانی خۆی بە هێزو خۆبشی بێ هێز دەکات . بەڵام پاشای هەژار لەوەش کەم دەرەتان تر بوو کە لەم زریانە دەرباز ببێت . ئەوەتا وا لە نێوان شوێنەواری شکۆداری ڕابووردووی دا دانیشتوە . شڵەژاوو واق و ڕماو ، نازانی چۆن وەڵامی ئەو خەڵکە بداتەوە کە ڕووی لێ دەنێن و داواکاریان هەیە . لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بەرهەڵستیان بکات . بۆیە سەرت سوڕ نەمێنێ کە دەڵێم هیچ

دەبدەبەو شان و شکۆیەکم لە دەوروپشت نەبینی، تەنانەت
سادەترین ژیانی دڵنیابش . پیاوەکانی ئەو لە پیاوەکانی منیان
دەپرسی کە ئایا فەرش و لبادمان پێیە کە بۆ خۆمان. لەو
خانووەدا بۆمان تەرخان کرابوو ڕای بخەین . ئەم جۆرە
فەرش و ڕاخەرانە لێرە زۆر دەگمەنە و چونکە نەیان بوو هیچیا-
ن بۆ نەهێنام . پاشام بینی لە چاو کوردەکانی تردا ڕووخۆش و
شارەزا بوو، لە ڕاستیدا زیاتر سیمای -عوسمانلی- پێوە دیار
بوو وەک لە کوردی . دای گرتمەوە بە جۆرەها پرسیار سەبارەت
بە باری ئەوروپا، پەیوەندی هەر دەوڵەتێک بە دەوڵەتێکی
ترەوە . بەتایبەتی لە بارەی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان
-باب العالی- و ڕوسیە و محمد علی پاشادا هەبوون . شارەزا-
ییەکی باشی لە کاروباری ئەمەڕێکادا هەبوو . هەڵەی هەندێ
بیروڕای کۆنی ئێرانییەکانی ناو کۆڕی دانیشتنی دیوەخانەکەی
لەم ڕووەوە ڕاست دەکردەوە . باسی بارودۆخی هیندستان
کرا، ئەویش باسی گەلێ داهێنراوی نوێی کرد بەتایبەتی
ئەو داهێنراوانەی پەیوەندی بە جەنگەوە هەبوو . باسی
تفەنگ و تفەنگ چێتی بردنی بۆ لای داگرتنەوەی و نیشان
شکێنی و باش بەکارهێنانی . ئەمە ڕای کێشا بۆ لای باسێک کە
زیاتر لە جارێک هەندێ شتم لێ هەست پێ کرد بوو . ئەویش
نموونەیەک بوو . لە مەسەلەی خەرافات و نواندنی هەندێ
جادووگەری کە بە ناو خەڵکا بڵاو بۆتەوە و خەڵکی سادە و
نەزانیش بیروڕای پێدەکەن . وەک دەزانی سەیدەکان نەوەی
پێغەمبەرن بەڵام دەکرێن بە چەند بەشێکەوە . هەندێکیان
لە پێشەوەن و خوابشت و نەوازشیان زیاتر بۆ دەکرێ لە

هەندێکی تر. چونکە وا باڵاوە کە ئەمان کەراماتی پیرۆزی خۆیان پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە. لەو بەهرە دەگمەنانەی کەم خێزان خاوەنی بوو نواندنی توانای خۆیانە بەرامبەر بە ئاگر، وەها کە ئێشیان پێ ناگەیەنێ و کاریان تێ ناکات. پێشتر لە سابڵاغ پێیان وتبووم لە دێیەکی نزیک ئەوێوە خێزانێک هەن ئەم کەراماتەیان هەیە و دەی نوێنن. بەڵام کەویستم ئەمە ببینم کەسێک نەبوو یەکێکم لەوانە بۆ بهێنێت هەتا بڕوا بکەم. دەڵێن گوایە ئەو کەسانە دەتوانن بچنە ناو تەندوری بە ئاگر سوورەوەبووەوە چنگیان پێ دەکەن لە پشکۆ و ئاگر. لە ناو تەندورەکەدا ئەوکەسە هاوار دەکات سەر-مایەتی!!؟. هەروەها گوایە دەتوانن پارچە ئاسنی داخ بوو لە ناو ئاگردا / دەربهێنن بەبێ ئەوەی ئازاریان پێ بگات. بە هەر حاڵ ئەگەر ئێمە بڕوامان بەمە کرد کە دەربارەی ئەمانە دەوترێت ئەوا دەبێ ئەمانە ماوەیەکی ئەوتۆ بن کە قابیلی سووتاندن نەبن. پێکەنین بەم پڕوپووچە نالەبارە شتێکە هەر وەک ئەو خراپ و بێسوود. چونکە هەموو ئەم چیرۆکانە سەرچاوەیان هەرچی بێت کە نەوەکانی پێشوو باوەڕیان لە سەری بووە پووچەڵ کردنەوەیان تەنها بە تاقی کردنەوە دەبێت، کە ئەو لایەن و خاوەن قسەو باسانە هەمیشە خۆیانی لێ لادەدەن. نەگادرۆ و دەلە سەر جادوەکەیان ئاشکرا ببێت. ئەوانە هەڵیان دەدا من بڕوا بەو کەرامات و جادوە بهێنم و بڵێم، ڕاستە. منیش دەم گوت ئەمانە ڕاستن بە مەرجێک بە چاوی خۆم بی بینم. وەک ئەوەی یەکێک لەو دەرویشانە پارچەیەک ئاسنی سوورەوەبوو لە تەندورێک

دەربهێنێت و بەڕەوتی بەپەنجەکانی بیگرێت ئەو ساسییەوا
دەکەم، هەرچی لە کوزەکەدا بوو بە بە دەنگ دەستان
گوت (( ئەمە ڕاستی بەو گومانی لێ ناکرێت چونکە هەموو
ئەزانین کە هەبەو ڕاستە )) منیش سور بووم لە سەر قسەی
خۆم و دەمگوت (( هەرکات پارچە ئاسنێکی سووڕەوە بووم
بەدەست بەکێ لە سەیدەکانەوە ببینی بڕوا دەکەم و دەڵێم
(( ئەمە بۆ هەر ئامانجی بێ ئیشێکە لای خواوەیە )). میرزا
هەڵی دایە وتی (( ئەمەت بینی بڕوا دەبنی ؟! )) وانیە ؟!))
میرزا دەیویست بۆ گفتوگو و بەرپەرچ دانەوە یەکی ئابینم
بەرێت . ئنجا وتی (( ئەگەر ئەمە ببینی هەرچی گوت بڕوای
پێ کەن ؟ ! )) لە وەلامدا وتم (( وای دابنێن ئەو دەلێ خوا نیە! .
ئایا تۆ ڕازیت بڵێم وایە ؟ وەلامی دامەوە وتی (( نە خێر بەلام
ناشێت . لێرەدا وەلامم دایەوە (( هەرگیز وا نیە چونکە لای
ئێوە وەها باو بووە کە سانێك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی
خۆیان ئەم پڕوپاگەندە و پڕو پوچە و جادوەیان بڵاو کردۆتەوە،
کە سانێکیش دژیان وەستاونەتەوە، بەلام بۆیان نەچۆتە
سەر و ئەم بڕواو کەراماتە کاری خۆی کردوە کە سیش نمونە-
یەکی لەو کەراماتە نەدیوە، هەر یەك لە وی تری وە بیستوو-
یەتی، لەو کاتەدا پاشا هەڵی دایە وتی (( ئەمە ڕاستە ئەم
کارانە ناشێت ئەنجام بدرێت )) لێرەدا میرزا بێ دەنگ بوو،
ورتەی لە دەم نەهاتە دەرێ . ئنجا وتم (( داوا لە پاشا دەکەم
ڕێگام بدات لێی بپرسم ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان جەنابتان سەید
یکتان دیوە کارێکی وەها سەید بنوێنێت ؟!)) وەلامی دایەوە
نەخێر . لەو کاتەدا ڕووم کردە کابرایەکی پیر کە زۆر لە

گفتوگۆ کەدا گەرم بوو ، پێم وت (( ئەی تۆ شتێکی وەهات
بینیوە ؟ )) وەلامی دامەوە وتی (( نەخێر ، بەلام رۆژی بەکی
لەوانەم دەبوو ئاگری دەخوارد )) وتم ئەمە هیچ سیحربازێك لای
ئێمە ناتوانێ بیکات • دیارە ئەمە جۆرێکە لە فێل و تەلەکە-
بازی • پاشا وتی (( راست دەکات منیش خۆم ئەو فێل و تەلە-
کانەم لەو کەسانە دیوە )) لەو کاتەدا تەماشای هەموو
دانیشتوانی کورەکەم کرد کەس هیچی نەگوت و کەسیش نەی
توانی بلێ بەچاوی خۆی شتی وەهای بینیوە • هێرزاش سوور
بوو لەسەر رای خۆی و دەیزانی کۆل نادەم بیری دەکردەوە
بۆ شتێك بگەرێ منی پێ بەستێتەوە و بروام پێ بهێنێ • لە
رۆژی دوایدا کە وتمە گەران بە شاری سلێمانیدا هەتا
زیاتر شارەزا ببم لەوە کە هەروا بەسەر پێوە بینیبومە • بەلام
هەر گەیشتمەوە بیرو رای لەوە پێشم سەبارەت بە شارەکە
چونکە هەروەها بوو ، وێران کەساس و نەگبەت • تەنها
خانویەکی رێك و پۆشتەی تیا نەبوو • کەسیش لە دانیشتوان
ئارەزووی ئەوەی نەبوو دەستێك بە خانوەکەیدا بهێنێت ،
قەشەنگ و خاوێنی بکات • هەروەها خاکی سلێمانی کە لە
قوری ئەو خاکە خانوەکان دروست دەکەن ، خاکێکی نەرم و کەم
توانایە هەر کە قورەکە وشك دەبێتەوە دەقلیشێ و دوای با و
بارانی لێ دەدات دەتلیستێتەوە • بازاری شار لە چاو خانوە-
کاندا کەچی باشتر بوو • کاسب و فرۆشیارەکان دوو بەشن •
بەشێکیان دەستگێرو بەشێکیان دوکانیان هەیە • لە سلێمانی
دا هەندێ خان و مەیدان و کەلاوە هەیە تەخت کراوە و قەرەبالغە
دێهاتەکانی دەوری شار کال و پەل دەهێنن بۆ ئەوێ و لەوێ

سەوداو مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکرێ . وەك پێیان گوتم لەم کاتەدا سلێمانی نزیکەی هەزار تا هەزار و پێنج سەد خێزانی تێدایە . بەڵام وەك لە سیمای دەرەوەیدا دیارە لە ڕاستیدا دانیشتوانی هەر پێنج هەزار کەس دەبێت شاری سلێمانی جێیەکی لە نزمی و تەختاییەکدایە هەتا ئەچیتە سەر گردەکانی دەوروپشتی شارەکە نابینێ . سەرنج ڕاکێش ترین دیمەن دوو گردی بەرامبەر بەکن کە گۆڕستانن ئەو دوو گردە زیاتر بۆ دانیشتن دەست ئەدات وەك لە جێگاکانی تر . کاتی لە یەکێ لە گردەکان هاتمە خوارەوە کە سەرکەوتبووم تەماشای دێهاتەکانی دەوروپشت بکەم ، گوێم لە دەنگی بەرزی گریان و لاواندنەوەی ئافرەتێك بوو ، تەماشام کرد ئافرەتێك لە تەنیشت گۆڕێکی نوێوە دانیشتوە دەگری و دەست و قۆڵ دەکوتێ بە سنگ و سەریا ، زۆر گرفتار و پەریشان بوو . لێی نزیك بوینەوە بزانین چیە ؟ بەڵام شیوەنەکەی ئەو بە جۆرێك گەرم بوو کە ئاگای لە ئێمە نەبوو . لەگەڵ ئەمەشدا سەرگەرمی ڕازاندنەوەی گۆڕەکە بوو . وەك لای هەژارەکان باوە خرە بەردی وردی سپی دەخستە سەر گۆڕەکە . جار جاریش کوڵی گریانی بەرز دەبووەوە و دەکەوتەوە چەپۆکان . تەنانەت کاری کرد بووە سەر خزمەتچیەکان کە لە پشتەوە لە سەر خۆ دەڕۆیشتن . یەکێ لە خزمەتچیەکانم وتی (( ئەم داماوە دیارە مێردی یا کوڕی کە پشت و پەناو بەخێوکەری بووە و مردوە ، چونکە گەورەترە ، ئەم شیوەن و شەپۆرە کە ئێستا دەیکات کە تاتانە ، سەرچاوەی ژیانی لە دەست چوە بێت . چونکە ئەوانەی کە خێزان و کەس و کاریان

٨ عەبێ لەماڵەوە شێوەن دەکەن و لە خۆیان دەدەن . ئێمە
لەو ڕۆژەدا داوام لە پاشاکرد ڕێگەم بدا سەفەر بکەم.
چونکە شتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نیە کە بەهۆیەوە لە پایتە-
ختەکەیدا بمێنمەوە . لەبەر ئەوەش ئەو داماوە ئەوەندە
سەر قاڵ و پەشوکاو بوو کە نەیدەتوانی ئەرکی پێویستی
میواندارییمان بکێشێت . بەڵام لە دەرفەتێکدا بە یەکێك لە
٧ خزمەتچییەکانی گوت کە تیم بگەیەنێ ئایا تفەنگ یاخود
دەمانچەیەکم پێیە بیگۆڕمەوە بەرامبەر ئەسپێ ڕەسەن ،
ئەو ئەمەی پێخوش بوو منیش لەبەر ئەوەی ڕێگام دوور
بوو ، وە پێویستم بە ئەسپێ ڕەسەن هەبوو ڕەزامەندی
خۆم نیشان دا . تفەنگێك و دەمانچەیەکی دوو لوولەی
زیادم پێ بوو بۆم نارد هەتا تەماشای بکات و بزانێ چۆنە.
بەڵام دیار بوو ئەو لە ئاڵ و گۆڕەکە دڵ سارد بوو ، دەیویست
وەك دیارییەك پێشکەش بکرێ . کە ئەمە نەعاتەدێ ئیتر
٨ پەشیمان بوەوە . من پێش نیازم کرد هەندێ شتی وردەلەم
لایە ئاخۆ وەك دیاری دەتوانم پێشکەشی بکەم ؟! ئەمەی
پەسەند کرد . بەڵام هەستم کرد پاشا دڵ تەنگ و پەشێوە
لەوەی کەبار و دۆخی ڕۆژگارەکەی ئەوەندە کەچە نالەبارە
نەیتوانیوە وەك پێویست میوانداری و خزمەتم بکات. بۆیە
ئیتر نەموویست لەلای بمێنم میوان و سەغڵەتی بکەم .
لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ دڵ شکست بووم ، هەر وەك ئەم
حاڵەتە دیارە شتێکی ئاسایی بە بۆ هەر کەسێك دە بەسەر لە وڵاتی
وەتا ناسازدا .

لە دەوری بیست هەتا بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەرەوە دەشتێکی پان و بەرین هەیە ناوەکەی لەو شارە بەناوبانگە وەهاتووە کە لەوێدا بووە . وەک ئەڵێن کە ئەی پاشماوەی دێر-ینین لێیە کە بە دەگمەن لە ئەوروپیەکان ڕێیان تێ کەوتبێ . لەو شتە گرنگانەی کە بایەخی بەم دەشتە داوە شوێنەواری شارێکە لە کۆندا پێی گوتراوە - سبازوڕس - شوێنەوارەکانی هەتا ئەمڕۆ ماوە و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێ ئەڵێن - شارەزوور - . لێرەدا پەیوەندی و نزیکی ئەم دوو ناوەتان بۆ دەردەکەوێ کە دیارە تامێکی خۆش دەدەن بەو کەسانەی شارەزای ئەم کارەن . ئەگەر بە هۆی کارێکی گرنگەوە - ماکنیل - ی هاوڕێم نەگەڕابایەتەوە بۆ ئینگلتەرە ئەوا بە هیوا بووم ببیمە ئەو جێگایەوە لەو شوێنەوارە دێرینانە بکۆڵێتەوە بەڵام کاتێک ئەم پرۆژەیەمان بۆ نەچووە سەر بەڵێنم بەوە بە خۆمدا کە هەر دەبێ خۆم بچم، ئەوەی بتوانم بیدۆزمەوە و لێی بکۆڵمەوە داخوازیەکەم پێشکەش بە پاشا کرد کە ڕێگام بدات بچمە شارەزوور و ڕێ بەڕێکیشم لەتەکدا بنێرێ هەتا دیدەنی ئەم بەشەش لە وڵاتەکەی بکەم . بەرامبەر داواکەم سەرەتا هیچ نارەزایی نیشان نەدا جگە لەوەی وتی ئەو جێگە بە شتێکی ئەوتۆی لێ نیە جگە لە چەند لوتکە و گردۆلکە و چەند گۆزە و گڵێنە بەکێ شکاو . هیچ شوێنەواری خانوو بەردی نووسراو نەخش کراوی لێ نیە . بەڵام پاشا ئەوەی گوت کە چەند گردێکی گەورە و بەرزی لێیە هەر بەک ماوەیەک لە پێشترەوە دیویە: ئەم تێبینیانەی پاشا نەیتوانی وام لێ بکات لە ڕۆیشتنم بۆ

ئەوەی بە شیمانی بیمە یە. بەڵام کاتێک خزمەت چیە کە ســـم
نارد بۆلای پاشا کابرای زێڕەرم بۆ بنێری وتبوی من ڕێ ی
لێ ناگرم بچێتە ئەوێ مادام سوورە لە سەر ڕۆیشتن بـــەڵام
ئەمە پێچەوانەی ئارەزووبەتی چونکە وتبوی ئەو شوێنە پڕە
لە دزو جەردە. ئەسپەکانم دەبەن و خۆشم زیانم دەگاتێ،
ئەمەش دەبێتە خەوشێ تانەو لەکە بۆ شەرەف و توانـــای
پاشا ئەو جەردانە لە هیچ شتێ سڵ ناکەنەوەو جەربەزەن.
ئەگەریش هەر دەچێت ئەوا لەسەر ڕای خۆی دەبێ و هەر-
چی بەسەرهات پاشا بەرپرسیار نیە. ئەم ئاگادارکردنە-
وانەی پاشا جۆرە ڕێ لێگرتنێ لێ بوو. کە ئەم شێوە بە لـــە
ڕۆژهەڵاتدا باوە. ڕاستەوخۆ دەست ناهێننە ڕێگات بـــەڵام
ئاگادارت دەکاتەوە وانە نابێ بچێت و ڕێت لێ دەبەستێ.
دوای ئەمە گومانم بۆ پەیدا بوو لەوەدا کە پاشا بـــۆ چ
ناهێڵێ بچمە شارەزوور گومانەکەشم ئەوە بوو کە پاشا نایەوێ
هیچ بێگانەیەک ئەو دەشتە ببینی هەتا لای خەڵکی بـــە
گشتی و دەوڵەتی ئازەربایجانی وەها نەزانرێ کە پاشـــا
خاوەن سامان و خێروبێری شارەزوورە. وەلای وا بوو کە سێکی
وەک من ئەگەر بەو سامانە بزانێت دەشێ لایەن و وڵاتانی تر
تێبگەیەنم کە ئەم سامانە لای پاشا هەیە. تەنانەت بـــۆ
ئەوەی بتوانم بچمە شارەزوور فەرماندەی هێزە ئێرانیەکەی
ناوشاری سلێمانی-م کردە تکاکار لای پاشا بەڵام ئـــەو
فەرماندەیە پێکەنینی بەناڕەزایی و قەدەغەکردنەکـــەی
پاشا دەهات بۆ گەشتەکەم. لە کۆتاییدا ناچار وازم لەم سـەر
دانە هێناو بۆ کەسێکی لەخۆم ئازاتر و چاپوکترم بە جـــێ

عێشت • پاشا لەوەدا ڕاستی دەکرد دوایی بۆم دەرکەوت
لەم وەرزەدا ڕۆیشتن بۆ جێگایەکی وەها سامناکە • پەرە
لەو دزو جەردانەی لە چیاکانی لای کرماشان و هەمەدان و ئەر-
دەلانەوە دێنە خوارەوە بۆ ئەو دەشتە بۆ تالان و بڕو، دوایش
نازانرێ ئەو دزو جەردانە کێ بوون و نادۆزرێنەوە هەتا پاشا
بتوانێت سزایان بدات • لە قسەی ئەم و ئەوەوە توانیم
تەنها ئەم زانیاریانەم سەبارەت بە شارەزوور . دەست
بکەوێت کە بەکورتی دەینوسم • ئەم دەشتە لە ڕۆژهەڵات و
خوارووبەوە چیای بەرزو سەخت دەوری داوە • شوێنەواری
پێنج یا خۆد شەش شاری دێرینی لێیە یەکێکیان ناوی
- قەلاسیە - بریتیە لە گردێکی گەورەی بەرز لە دوای ئەمە
- باسین تەپە - و - گول عەنبەر - و - عەربەت - و خەرابەی
لێیە • بەڵک دوو کەسیش پێیان گوتم، هەندێ جار لەم
دەشتەدا کە بناغە لێدەدەن بەردی گەورە دەبینن
نووسینی لەسەرەو لەوە دەچێ بە پیتی ئەورووپی (یونانی)
نووسرابێت • دەیان گوت بەکێلێک لەو - بالیوزخانەی کە لە
تەورێز بووە لە ڕێگایدا لە تەورێزەوە بۆ بەغدا بەکێلێکی لەم
بەردانەی لە عەربەتە دۆزیوەتەوە • لە کاتی هەڵکەندندا
بەکێلێک هەر لەو بەردانە لە دێی بەردەکەڕ - دۆزراوەتەوە
کە دەکەوێتە خوارووی چیاکانی ڕۆژهەڵات و دەوری دەشتە
کەیان داوە •

( ٢٠ )

بەکێلێک لە بەسالاچووەکان باسی - بت خانە - یا خۆد پەرستگا-
یەکێ بۆ کردم کە لە گۆشەیەکی ئەو دەشتەدا دۆزراوەتەوە

بەردێکی تیا بوە بە نووسین داپۆشراوە و لە وڵاتەدا کەس بۆی نەخوێندراوەتەوە. بەمانەدا وەها دیارە کە ڕۆژێک ئەم ناوچەیە دەبێتە کانگایەک بۆ ئەو شتانەی نەدۆزراونەتەوە. هەروەها دەڵێن سەرتا سەری ئەم دەشتە شوێنەواری شارێکی دێرینی تیایە کە تا ئێستا جگە لە گۆزە و گڵێنە هیچی لێ نەدۆزراوەتەوە. (٢١)

هەر لەم ڕۆژەدا چاوپێکەوتنێکم بوو لەگەڵ محمد خان سەرتیپ - فەرماندەی هێزە ئێرانیەکەی سلێمان. ئەم هێزە پێک هاتوە لە کەمتر لە چوار سەد پیاو وە هەشت تۆپ و پێنج تۆپی بچوک و دوو تۆپی هاوەن. بێگومان ئەمە هێزێکی بچوکە بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی تالان بیروی شاو بکەن هەر کات کە پێویستیکیان هەبوایە و بە ئاسانی دەستیان نەکەوتایە. لە ڕاستیدا هیچ بەشێک لە ئێران و وڵاتانی[١] دراوسێی ناتوانن ئەمڕۆ پێداویستی سوپایەکی بە هێزو تەواو دابین بکەن سەبارەت بە سلێمانی - یش میری کرماشان بۆیە دەست بەرداری نابێت چونکە کردویەتیە بنکەو سەنگەرێک لە ڕووی پاشای بەغدادا و هەر کات بیەوێ زیانی لێ بدات ئەوا ئەم وڵاتە هەژارە وێران دەکات. محمد خان - جگە لەو لایەنەی کە خەرجی و موچەی خۆی لێ وەردەگرێت لە جەردەیی و سەرانە سەندنیشدا هیچی لە فەرماندە گەورە- کانی کەمتر نیە. ئەگەر کەرەستە و پێویستی تەواوی بدە- نتێ دەتوانێ میری ڕەواندوز لە ناو ببات، پاشای بەغدا لە ناو سنووری خۆیدا بەند بکات. ئەو تەنها بە سێ سەد سەربازو نیو ئەوەندە سوارەوە توانی گەرمیان و دەشتەکانی

نێوان موسڵ و خانەقین هەتا کرماشان و نزیک بەغدا داگیر
بکات ، لەگەڵ ئەمەشدا دەستی گەورەی نەدرەیە شاند
چونکە پاشا بەپارە و دیاری و خواستنی عوسمانەوە دابینی کرد
بوو .

سەرتیپ خان لە بنەماڵەیەکی گەورەی ئێرانە - هوربور - گ
گەلێ بەشان و باڵیا هاتوە . زۆر ئازا و چاو نەترسە ، وەک زۆر
لە و نەوەی بنەماڵانەی جیهان لەکاتێکدا گوێم لە محمد
خان - گرتبوو کە باسی شەڕ و نەبەردەکانی خۆی دەکرد ،
چۆن لە کۆڕی پادشای پادشاپاندا دانیشتوە و گفتوگۆی کردوە .
چۆنیش بەڵێنی داوەتی شمشێرێکی لە ئاڵتون بۆ دروست
بکات و بینێرێ . لەم کاتەدا نارەزایی و بێزاری خۆی نیشان
دەدا لەوەدا کە بەرانبەر بە ئەم هەوڵ و نەبەردانەی
دەوڵەت وەک پێویست ناچێت بە دەنگیەوە و موچە و
پاداشتی تەواوی بۆ نانێرێ . پێنج ساڵە خێزان و بنەماڵەکەی
بەجێ هێشتووە و ماوەی نادەن سەردانیان بکاتەوە . بە
پێچەوانەی ئەمەوە هەر کات تا کاتێک فەرمانی بو دەست
بو ئەم لاو ئەولا هێرش بەرێت و نەبەرد بکات بە بیانوی
ئەوەی کە ئەم نەبێت کەسی تر ناتوانێت ئەو کارانە بە
ئەنجام بگەیەنێت . لەکاتی گفتوگۆ و قسەکانیدا بوم دەر-
کەوت چەند ناحەزن بەرامبەری ڕەواندوز . لەگەڵ
ئەمانەشدا محمد خان پیاوێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزە وەک
هەڵس و کەوتیش هێمن و وریا بوو هەر وەک ئێمەش دەیخوارد
دەوە و پێکی دەکرد . ( ٢٢ )

ژالە :- کوبرەدی بەگی ناسیونە بریتییە لە شەش هەتا هەشت

خانوو . ئازیزەکەم ئێستا من لەم جێگە تەنگ و ناخۆشەوە
نامەت بۆ ئەنووسم سەعاتێک ماوەم دەست کەوتووە بــــۆ
نووسین . ئێستا شتێکی وا گرنگــم نی یە هەتا بۆتی بنووســــم .
دوێنێ سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ سلێمانیم بەجێ هێشت .
لەکاتێکدا دوێنێ عەسر لە سەعات حەوتی بەیانییەوە چاوەڕێ
ی پاشا بووم . بارمان بارکرد بوو بۆ ڕۆیشتن . ئەســپە
کانمان زین کرد بوو ، بەلام پاشا بەلێنی خۆی بەجێ نەهێنا
شارەزایەکەم هەتا بەغدا لەتەکدا بنێرێت . ئەو جــۆرە
پیاوە گەورانە بیر چوونەوەیان زۆرە و خەو دەیانباتــەوە .
کەسیش زانی ئەوەی نیە خەبەری بکاتەوە . چاوەڕێم کــرد
تا درەنگانی پاشا هاتە دەرەوە و بەخزمەتچیەکەی گوت
گوایە مەسەلەکەی منی لە یاد نەبووە . ئەو کلۆلە ناحەقی
نەبوو . سەرقاڵی خۆی و نەهامەتیەکانی شلەژاند بووی بۆم
دەرکەوت ئەو ڕۆژەی من ماڵئاوایم لێ کرد بوو کۆبوونەوە
یەکی نهێنی هەبوو لەگەل ئاغاکانی ئەم کۆبوونەوەیە بــۆ
ئەوە بوو کە چۆن پەلپ و داواکاری عیزە ئیوانەکە جێبـــە
جێ بکەن . لەکاتێکدا کە داوای دووسەد تفەنگیان کرد
بوو . وەک وتیان نەیان توانیبوو ئەم پارەیە لە ناو سلێمانی
دا کۆبکەنەوە ، ئەمە ببوە هۆی شلەژانی پاشاو شارەکـــە
بەگشتی منیش بۆم دەرکەوت کە هۆی کەم مەیلی و ساردی
پاشا ئەو ڕۆژە بەرانبەرم بەهۆی ئەو پارە نائاسایــەوە
بوو . دوایی ڕێبەرێکی باش و لەباریان بۆ ناردم ، ئــەو
زانیارانەی داسوبانی بەبارەت بە من و ڕێگای گەشتەکەم و
بەساغی گەیاندنم لە جێی خۆیدا بوو . ڕاسپێردرا بــــوو

ئه گه ر سه ربشی داناوه ده بێت هه تا ـ کفری ـ م بگه یه نێت .
ئه م سه ردانانه له رێی به لێندا له رۆژهه لات باوه . ئنجا
به نامه و پۆسته و ڕاسپارده یه ك له گه ریده و فه رمان ره وا-
یانه وه هه یه به م هۆیه وه مسۆگه ر ده کرێ و ده گاته جێ .
عبدالله خان ـ یش کاتی له باره ی منه وه بۆ براکه ی نووسیبوو
له سه ر ده شت مه به ست ئه وه بوو که من به ساغی و بێ زیان
له ناوچه ی سنووری ده سه لاتیدا رێ بکه م و بگه مه جێی
خۆم . ئه وه شی بۆ نووسیبوو که دلۆپی خوێن ته نانه ت له
به کی له ئه سیه کانم بێت ئه وا سزاکه ی پێنج هه زار تمه ن
ده بێت .

۳ ی تشرینی دووه می ۱۸۳٤

به ری به رێی عه ولی خدر ئاغا نزیکه ی سه عات یازده
سلێمانیمان به جێ هێشت پاش ئه وه ی ده شته که مان بڕی
که وتینه سه رکه وتن به سه ر ئه و چیایه دا که ده وری ده شت و
دوله که ی گرتوه و به ناوی ئه وه وه ناونراوه ، ئه گه ر بێت و
ده شتی شاره زووریش بده ینه ده م دریژیه که ی ده گاته حه فتا
هه تا هه شتا میل . له سه ر لوتکه ی رێ ره وه که وه ده توانی
به سه ر هه موو ئه و ولاته ده وله مه نده دا چاو بگێری . له
نێوان ئه و ریزه چیایه ی ئێمه ی له سه ر وه ستا بوین و ریزه
چیایه کی به رزی ئه و به ره وه ده شتیك هه یه ده توانیت بیکه
یته سنووری ولات له رووی به رزی و نزمیه وه . له به ر ئه مه
ده بوایه من ئه م خاکه ی نێوان هه ردوو ریزه چیاکه ده گرێته
وه و نزمه ناو بنێم دول ، چونکه له چیایی ده وروپشتی
نزمتر بوو . به لام له چیا گه لی ره ق و سه ختر بوو . به

داری گوێزو دار بەڕوو ڕازا بووەوە . بەتایبەتی لەو شوێنانەدا
کە دیار بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان دێ بووە . هەروەها دارمێوو دار
هەنارو ترش لەو جێگایانەدا بە چڕی دەبینران و زۆر هەڵدە
چوون .

لە نێوان ئەم وڵاتە سەختە ناڕەحەتەدا ڕێگەمان بڕی و
گەیشتینە دێی - کەرادە - کە دەبوا شەوە لەوێ لامان
بدایە . لەوێ بە هۆی فەرمانی پاشاوە میوانداریەکی قەشەنگ
کراین . بەلام پێمان ڕاگەیەندرا کە دەبێ تەواو ئاگاداری
خۆمان بین لەو دزانەی ناوچەکەیان تەنی بوو . یەکێك لە
سیفاتەکانی ئەم دێیە ئەوە بوو دانیشتوانی بریتی بوون لە
سەد و پەنجا هەتا دووسەد خانوو سی یەکی ماڵە جولەکە بوو .
بە پێی ڕۆژگارو زبان موسولمان و جولەکەکان ڕێکەوتوون و
تێکەڵ بوونێکی باش تێکەڵ بوون . هەر لەو ڕۆژەدا لە نزیکی
ئەم جێگەیەوە کانی ئاوێکمان بینی ، ئاوێکی باشی هەبوو ،
لە زەوییەوە هەڵ دەقوڵاو بڵاو دەبووەوە ، خەڵکی دەیان
گوت ئەم ئاوە هەندێ نەخۆشی لەناو دەبات ، سەرچاوەکەی
بە کەڵەکە بەردێك دەورە درا بوو . لەناو بەنگاوەکەدا گەلێك
ماسی تێدا بوو مەلەیان دەکردو دەسووڕانەوە بێ ئەوەی گوێ
بدەنە ئێمە ، چونکە خەڵکی دەستکاریان نەدەکرد . ئەو
سەربازە ڕووسیانەی لە ئازەربایجانەوە نێررابوونە ئێرە . هەندێ-
کیان لێ ڕاو کرد بوون و ژمارەیان کەم بووەوە ، گەرچی خەڵکە
کە ئاگاداری کرد بوونەوە کاری وەها نەکەن و تووشی بەلا
دەبن بەلام ئەوان گوێیان نەدا بوو و وەك ئەڵێن ئەوانەی
لە ماسیەکانیان خوارد بوو مرد بوون ئەمرۆ لەگەڵ ئەوانی بەرە

کە ماندا باسی ـ بزرگامەکان ـ م کرد لێکدانەوەکانی ئەم .
لەو بارەیەوە ساکار بوو ، پێی وتم (( کاتێ کە سێکی نەخۆش لە
خەودا پیاو چاکێ دەبینێت لە جێگایەکا دەڕکەوتێ ئەوا
ئەو جێگایە ئاوەدان دەکاتەوە . کاتێکیش بە مرازی دڵی خۆی
دەگات ئەوا ئەو جێگایە بەکەلە بەردی ڕیزکراو زینـــدوو
دەکاتەوە وەک چۆن زۆرمان لەو کەلەکە بەردانە لە ڕێگا
ماندا بینی . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆشی تـــر
ڕووی تێبکەن و ئەوانیش بەردی تری لە سەردا بنێن ، تەنانە
ت هەندێ کەس پارچە لە کراسەکەی خۆیان دەکەنـــەوە و
بە دار و بەردی ئەوێدا هەڵی دەواسن )) دیسان دەیگــوت
(( گۆڕی پیاوی گەورە یا خود ئەوانەی دز دەیان کوژێت یا
خود بە بێ تاوان دەکوژرێن ئەم نیشانانە لە سەر گۆڕەکانیان
دادەنرێت و ئەم جۆرە ڕیز و پیرۆزیە شی نادرێتێ . بەڵام دارێك
دادەچەقێنن و بە بەرزی ئاڵایەکی پێوە دەکەن . یا خود بە عوێبە
ك کە بزانرێ ئەمە گۆڕی پیاو چاکە هەتا دوعاو ویـــردی
لە سەر بخوێنرێ . ڕۆژی داهات و سەعات حەوتی بەیانی کەوتینە
خۆ و ڕێ کەوتین . لە ڕێگادا لە گەڵ دێهاتی وێران چۆڵ کرا ـ
ودا تێپەڕین . ئەو دێهاتانەی ڕۆژێك پڕ بوە لە ژیـــان و
جوانی و مێرگ و دەشت و دۆڵی بچوك و ڕەنگین . دانیشتوان
لە ناوچەکانی خۆیان هەڵاتبوون . هەرچی ئاپس و ئاوەدانـــی
هەبوو لە گەڵ خۆیان بردبویان . لە ڕێگای ئەم ڕۆمانەدا گەلێ
ڕووالەتی زۆرداری و ئاوارەمان بینی . لە ماوەیەکدا کە لە
دوانزە ساڵ زیاتر نەبوو دووجار یا سەوانەکانمان گــــوری .
چونکە دانیشتوانی هەر دێیەك ناتوانن بچنە ناو سنـــووری

دێبەکی تره وه • عەوڵی خدر ئاغای ڕێبەرمان لەم بارەیەوه

٧ بەسەر هاتێکی سەیری بۆ گێڕاینەوە • ئەویش ئەوە بوو ((خێڵی

ـ هەمەوەند ـ ی دانیشتووی نزیکی ئەم ناوچە بەکەژمارەیان

لە پێنج سەد هەتا شەش سەد خێزان تێپەڕ ناکات توانیویانە

( ٢٣٠ ).

بنە خێڵێکی بەهێز بەرامبەر ـ جاف ـ بوەستنەوە • لە

کاتێکدا خێڵی جاف کە دە هەزار یا خود دوانزە هەزار ماڵ

یا خود رەشماڵن ، وە هیچ کەسێك لەوان ناتوانێت بەرانبەر

هاوخێڵەکەی خراپ بکات ، ئەگەر کاری وەها بکات دەیکوژن

کەچی هەمەوەند زۆر جار بە کۆمەڵی بچوك کە نزیکەی

بیست هەتا سی پیاو دەبن دەچن تالان و بڕوی جاف دەکەن))

بەلام لام وایە ئەم قسەیە بە زۆری خراپێتە سەر و وا نەبێ چونکە

جاف دەتوانن هەزار سوار بە یەك جار بدەنە پاشا لە کاتی

پێویستدا • جافەکان زیاتر لە شارەزووردا دادەنیشن بەلام

بە هەموو هێڵی سنووردا بلاون • بەکێکیش لەو جافە بەد

بەختانە کاروانەکەی ئێمەی بە هەڵزانی و کەل و پەلەکانی

خوی لە ناوچەی مەترسی دەرباز کرد •

دوا گۆڕانی باساوڵەکانمان لە ( جافەران ) بوو نزیك لاپاڵی ڕێ

ڕەوی سەگرمەکە بەکێکە لە دەروازە گەورەکانی کوردستانی

٨ گەورە لەو ناوچانەدا • لەوێوە دوو سوارچاکی ئازاری بە

سام کە زیاتر شێوەی دزیان دەنواند لە تەکماندا هاتن ،

ڕێبەرەکەم دەیگوت ئەمانە بە بیست سوار دەچن • ئنجا

وتی : (( دز لەمانە دەترسن ) ، بەهۆی ئەوانەوە ناتوانن

پەلاماری ئێمە بدەن • بەلام پێویستە لەسەرمان هەروەها

بین • باری وڵاخەکانمان با دەوری نەبێ لێمانەوە و یەکێ لەم
دوانە پێشمان بکەون )) • ئنجا عاوەڵەکانم لەڕۆیشتنا پێیان
هەڵگرت ، پاش ئەوەی ئەمەیان بەدوو سوارەکە ڕاگەیاند و
ئەوانیش دەستیان کردە گەمە و فیڵ و داو بازی لەڕۆیشتندا •
هەتا بەخێرایی گەیشتنە دوو دەرێ ڕێ ڕەوەکە • لێرەدا کەمێ
وەستاین من ئەمە دڵخۆش بووم چونکە توانیم وێنەیەکی
قەڵەم کردی خێرا لەبارەی ئەم دەروازە سروشتییە دەگمەنە
بکێشم • خەڵکی ناوچەکە ناوێکی خۆماڵیان لێ ناوە پێی دەڵێن
ـ دەربەند ـ سەرکەوتنەکەمان سەعات و نیوێکی خایاند • دوا
جار لەسەر لوتکەکەوە وەستاین تەماشای دواوەمان دەکرد •
تەماشای ئەو وڵاتە شاخاوییەی بڕیبومان • لەو لاشەوە دەشت
دۆڵە نزمەکانی ئەوبەر دریژ دەبوەوە کە دەبوو پیایدا تێ
پەڕین هەتا دەگەینە پایتەختی خەلیفە کۆنەکان • دەڵێم
ئەو دەشتە نزمانە ، نەک تەخت و زێڵ • چونکە ئەو وڵاتەی
لەبەر چاومانەوە دریژ دەبێتەوە زۆر نزمترە لەو جێگایانەی
کە لێوەی هاتووین • لەپێشمانەوە زنجیرە گرد و تەپۆڵکەیەک
دریژ دەبوەوە ڕووت و تاریک بەجۆرێک دەکشا کە نەتوانرا
کۆتایی یا خود ئەوسەری ببینرێ • لەنێوان ئەم زنجیرە گردۆ-
ڵکەیەشدا گەلێ دەشتی ڕووت و تەپۆڵکەی ورد دەبینرا •
لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جێگەیە وڵاتی ڕەسەنی ئاشورییەکان
بوەوە • لانکی ئیمپراتورییەتە گەورەکان ، خاکی پاشا دەسەلات
دارەکان لە چەرخە بەسەرچووەکاندا • کەس ئەوەی بیردا ـ
نەدەهات کە ئەم ناوچە چۆڵ و ڕووتە ڕۆژگاری وڵاتی سەبرە
ئەسیسی ی گەورە بووە • یا خود جێگای ـ سارداناپولس ـ ی

گوەند گیر بوە . بارەنگە جێگای شیاوی نەمرود ـی راو کەری بەهێز بووبێ .

لە دوای سەرەولێژیەکی بەردەڵانی و بڕینی چەند میلێک لە خاکی ئەو وڵاتە نزمەی کە باسم کرد گەیشتینە ئەم جێیەی پێی ئەڵێن ـ ژالە ـ وەک لە پێشتردا وتم ئەمە جێگایەکی زۆر ناخۆشە . لە راستیشدا جێگایەکی لەمە ناخۆشترم بۆ مانەوە هەرگیز نەدیوە . دوێنێ شەو زۆر بێزار بووبن، بە تایبەت لەوماڵەی لێدا بەزیبووین بەهۆی ئەو دەمەقاڵێی بەی نێوان میواندارەکەمان و دانیشتوانی هەردوو دێیەکە لەسەر ئەو کاو و جۆیەی پێوابەست بوو بدرێ بە ئەسپەکانمان و ئەو خواردنەش کە دەبوا بۆ ئێمە دابنرێ . لە بارەی ئەم نەریتە بڵاوەوە زیاتر لە جارێک ئاماژەم بۆ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە سانی پایەداری بیگانە و دەستڕۆیشتوەکانی ناوخۆ پێویستە لەلایەن هەموو خەڵکیەوە میوانداری بکرێن و تایبەت نین بە تەنیا کەسێک . لەبەر ئەمە ئەوانە لە رێگاکاندا لە سەر ئەرکی میری ئەرکی خواردن و نووستنیان دەکێشرێ . لە خانە گەورەکاندا دەحەوێنەوە و دەبنە میوانی ئەو فەرماندارانەی لە رێگادا تووشیان دێن، ئەم ( ) زیانی لە سوودی زیاترە . ئنجا ئەوە شتێکی سروشتیە کە گەشت کەرو گەڕیدە بێ ئەم رێگەیە هیچ رێگەیەکی کە ناتوانن پەیوەندی بکەن بە چینەکانی سەرەوەی خەڵک . هەتا وای لێ دێ بە وڵاتەکەدا تێ دەپەڕی، بێ ئەوەی توانیبێتی لە نەریت و بار و دۆخی خەڵکەکە بگات . زۆر جاریش دەبنە کۆتێک بە سەر پەستی گەوران و بلانەکانی گەڕیدە . لەبەر ئەوە

نەتوانی بەبێ ڕازی بوونی کابرای میواندار بەهیچ لایەکدا بڕوات یا لە هیچ لایەک بە ڕێ بکەوێتە ڕێ، ڕێ دەکەوێ ئێوە ڕاکانی میواندار جیاواز دەبێ لە ڕێوڕاکانی میوان بۆیە دەبێتە هۆی بە ئەنجام نەگەیشتنی زۆر لە کارە زەوەکانی.
لەم بارو دۆخەدا من میوانی پاشای سلێمانی بووم.
دەبوایە بەپێی عورف و نەریتی باو عەلی و کەوتم بکردبایە چونکە ئەوتا لە وڵاتی پاشادا بم دەبێ بە شێوەی میوان بمێنمەوە. ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی خەرجیەکی زۆری بوێت لەبەر ئەوە دێهاتەکانی دەوروپشت ڕادەسپێران کە ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ. کۆکردنەوەی باج و خەراجیش لە لایەن دەست و پێوەندی پاشاوە زیاتر خەڵکی دێهاتەکانی بێزار دەکرد سەرەرای ئەوەی ئەو دەست و پێوەندانەش بە شێوەی خۆیان گڵ دەدایەوە.
شەوی ڕابوردو لە دوای هەموو هەوڵدانی عەولی خدر ئاغای ڕێبەرمان هێشتا دێهاتەکان بەپێی پێویست ئالیکیان بۆ وڵاخەکانم نە هێنا. بۆیە بە کارگێرەکانی خۆم گوت لە پارەی من بیکڕن. نازانم ئەمەیان کرد بوو یان نا ؟!. بەڵام من پارەی پێویستم دا بوو. هەر لەم شەوەدا لە و دێیە هاوار و گریان بڵاو بووەوە. شەش حەوت خێزان بێبەشی کرا بوون لە دابەش کردنی دانەوێڵە بە سەریاندا. ئافرەتێکیش بە پرتاو بە شوێن مریشکە تاقانەکەیدا ڕای دەکرد. کە بە زۆر لێیان زەوت کرد بوو، دەبوا بەرەکانی بکرایە سەربن بۆ من.
٧ لە و کتاتەدا کە خەریک بوون سەری ببڕن بە چەند بەنسبەک توانرا مریشکێکی دیکەی بۆ بە دەست بێت. بەڵام میواندار

عانەناو کارەکەوە چونکە شەرەفی ئەو لەکەدار بووە لەو
لەمە بوو زۆربەکەوە لە گوزەرانم بەر پرسیار بووە جگـــــە
لەو قازانجەی بۆ خۆی چاوەڕێی بوو لەبەر ئەمە ئـــەو
پارەیەی دا بوو بە پیرەژنەکە بەزۆر لێی سەندەوە وبـــستم
ئەو گیروگرفتانەی ئەمە چارە سەری بکەم لە ڕێگەی ئەوەی
هەرچیمان دەوێ بەپارە بیکڕین ، بە نهێنیش کە پـــارەم
دەدایە خەڵکی نەیان دەوێرا لەترسی میواندارەکەم وەری
بگرن ، ناچار ڕێگایەکم دۆزیەوە بۆ ئەوەی ماڵی خەڵکـــی
نەخورێ و هەرکەس مافی خۆی وەرگرێ بۆیە بە شـــەو
خزمەتچیەکەمم دەنارد بۆ ئەو ماڵانەی شتمان لێ وەرگر -
تبوون یا خود نانمان لێ خوارد بوو هەتا پارەکەی چەنـــدە
بیان داتێ ، من نەدەبوو ئەمە بکەم بەڵام هیچ ڕێگەیەکی
تر نەبوو بۆ چارەی گیروگرفتێکی وەها ، بە هۆی ئەمکارەوە
بۆ بەیانی زۆربەی خەڵکی هاتبوونە دوعا خوازیم کاتـــــی
دەمویست بڕۆم ،
كفری ٤ی تشرینی دووەم ١٨٣٤
لەزاڵەوە کەنامەی دوایم نووسی کەوتینە ڕێ بە بیست و دوو
یا خود بە بیست و چوار میل پێ ڕویشتن گەیشتینە (دێی -
ئیبراهیم خانچی - ئەم دێیە سەر بە سەرۆکێک لە سەرۆکە
کوردەکان بوو ، شەو لەوێ بەسەر دەبەبن ، پێنج شـــەش
میلی یەکەم لە ڕێگاکە ماندا بۆ ئێوە گەیشتینە ناوچەیەکی
بەردەلانی کە بە هیچ جۆرێك شتی وەهام نەدیبوو ، ئەو گۆوە[٨٢]
گیابەی سەرەرای ئەمەش لەو ناوچانەدا ڕوا بوون ،
لەبەهارو هاوینەدا شتێکی سەر سوڕهێنەر بوو ، هەتا ئێستا

بەشێکی سەوزە، بەشێکی زۆریشی وازی لێ هێنراوە بەهۆی
ئەوەی کە سووتاوە و پەڵەپەڵەی ڕەشی لە جێگاکەیدا پەیدا
بووە. ئەم جێگا ڕەشانە بەبەردی خۆڵەمێش تەنراوە. لە
دوای ئەمە سەرکەوتینە سەر چیایەکی بەردەڵانی بەرز کە دوا
جێگا بوو لە نێوان ئێمە و دیجلەدا. ئەو چیایە هەندێ گژو
گیا نەبێ ئیتر هیچی لێ نەبوو. بەڵام دار بەڕوویەکی گەورە
لەسەر ڕەوەی لووتکەکەیدا ڕوا بوو سێبەرێکی کرد بوو. دیارە
ئەمە دوا درەخت بوە لەو دارستانەی ڕۆژی لە ڕۆژان ئەو
ناوەی تەنیوە. مانەوەی ئەم تاقە دارە بەهۆی نەبڕینیەوە
بووە کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار بیرچوتەوە. ئەو ڕێبوارانەی
لە پاش سەرکەوتنی چیایەکە دەگەنە سەری لە سایەی
ئەو سێبەرەدا ماندووێتیان دەردەچێ و هێزیان دێتەوە بەر
بۆ ڕۆیشتن. کەلەکە بەردێکیشی بەدەوردا کراوە پێی
دەڵێن — بەرمەندە — لە دوای تێپەڕینی ڕێ و ڕەوێکی بەردە
لانی چیاکە بۆ نان خواردن لامان دایە دێیەکی ناخۆش ناوی —
— جان ڕیز — بوو. لەم دێیەدا سەلیم ئاغای سەرەک خێڵی
— دەلۆ — (٢٦) لە بنەماڵەی — بابان — ە لەوێ نیشتە
جێیە. کە چووینە دێیەکەوە ڕەم و ئەسپی زین کراومان
بینی، دوایی زانیمان بەگ خەریکە بچێت بۆ ڕاو. پیاوانی
خۆیان ئامادە کرد بوو. چەند سەگێکیان پەت کرد بوو سەری
پەتەکانیان بەدەستەوە بوو، بەو سەگانە دەڵێن — سەلەق —
بەسەر دەستیشیانەوە — باز — یان دانا بوو. ئەم سەرە کە
بە نۆی ڕێ بەرەو کە مانەوە بەخێرهاتنی کردین. پیاوێکی سیما
خۆش و بەستە و تەمەنی لە نیوەدا بوو، ڕیشی ماش و برنج بوو.

ئنجا بەسەری پاشاو چاوەکانی سوێندی خوارد کە نەك جارێك بەڵکە هەزان جار بەخێر هاتنمان دەکات . بەڵام نیگەران بوو چونکە کەل و پەلی پێویست بۆ پێشوازی و میوانداریمان وەك پێویست ئامادە نیە لەبەر ئەوە شەرمەزارە لەڕوماندا ئنجا وتی (( ئێمەی کورد کە لەم چیا رەق و سەختانەدا و لەم دەشتانەدا دەژین هیچ کات شتێکی وەهامان نیە لافی پێوە لێ بدەین . ، ئێستا ئەوەشمان بۆ نەماوەتەوە نانی ئێمە لە نێوان میرو پاشادا دەخورێ )) ئنجا سینیەکی هێنا پارچە نانێکی رەش و کەمێ ماستی لەبەر بوو و پێی وتین (( تەماشاکە چی دەخۆین . خۆمان و وڵاخەکانمان بەك جۆر خواردنمان هەیە . پێشتر دەمان توانی نانی ئاردی گەنم بۆ میوان دانێین بەڵام ئەو رۆژانە بەسەرچوو ئێستا دەبێ بە کەمیش هەڵ بکەین )) ئنجا دەربارەی هەمان بابەت لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو ، دەم ویست بە چەند پرسیارێك لەو باسە لا بدەم ، بەڵام ئەو لەسەری ڕۆیشت و وتی ((ئێمەی کورد رۆژی لە رۆژان جەنگاوەری بەهێز بووین جگە لە سواری و رمبازی و راو شکار و یاری تیرمان لە هیچ نەدەکردەوە . چونکە ئەوەندەمان نەبوو کە پێی بژین و جوتیارمان زەوی دەکێڵا . بەڵام ئەمرۆ هەرکەس لە ئێمە ناچارە شیر و رمبخاتە لاوە و جوت بکات .. گەورەم : ئایا گەلی جەنگاوەر چی دەبێت کاتی دەستی دایە جووت کردن . بەڵام ئێرانییەکان و پاشا سوورن لە سەر داواکاریەکانی خۆیان . جوتیار ناچار دەبێ دواجار بە لێنێت و بچێتە بۆ - رەواندوز - و - کرماشان - یاخود بۆ - موسل - یاخود بۆ هەر جێیەك لەبەر ئەمە دەستی

وڵات ڕەوژ بەڕوژ چوڵ دەبێت • ئەم بەگەلەسارەی ئینگلیزو
ڕوسەوە زوری دەبوسی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچی لەسارەی
نەدەزانین • دوایی ماڵئاوایم لێ کردو سوپاسی میوانداریە-
کەیم کرد • پاش ئەوەی توانای چەکەکانی خومم بو سەلماند،
بەتایبەتی دەمانچە بچوکەکانم بەبەرچاویەوە تەقاند بیش
ئەوەی بە هیچی دا دەنان بەڵام دوایی کە توانایانی بینی
ڕای گۆڕا چەند دیاریەکی دەستی ئینگلیزم نیشان دان • ئنجا
وەك دوو هاوەڵی باش لێك جوێ بوینەوە، کە دوور کەوتینەوە
بەعەولخدر ئاغای ڕێبەرم ووت ((ئەم پیاوە باشە، ئەم ئاغا-
یەی بەم جۆرە بەڕێزو گەرمیەوە پێشوازیی و میوانداریی کردین
ئەگەر تۆو هیچ ڕێبەرێکی ترو کەسێکی سلێمانی لەتەکمدا
نەبونایەو لەدەشت و چوڵەوانیەکدا پێی بگەیشتمایە لەو
بڕوایەدا بووم هیچ سلێ نەدەکردەوە لە ڕووت کردنەوەو
تاڵان کردنمان)) عەولیر بەدەم پێکەنینەوە وتی ((بەسەری
سلێمان پاشاو بەسەری تو سوبند دەخوم، کە وەرەم دیبارە
توش وەك من ئەم پیاوە دەناسی !• تو ناو جەرگی ڕاستیت
پێکاوە • سلیمان ئاغا لەباوپاپیرانەوە ئەم پیشەیەی بو
ماوەتەوەو هەر بو ئەم کارەش دروست کراوە لەکاتی پێویست
نانت لەتەکدا دەخوات چونکە میوانی لەلای • دوای ئەوە
٨ بە وشەی-خوشی ئامەدی و خودا حافیز -بەڕێت دەکات•
خوی دەپێچێتەوەو چەفتەکەی دەگوری و بەجوریك خوی و
پیاوەکانی دەم و چاوی خویان عەل دەبەستن کە نەناسرێنەوە•
ئنجا سوار دەبی و ڕێگات پێ دەگرێ و تەواو ڕووتت
دەکاتەوە و بەجێت دەهێلێ • ئەم پیاوە خراپترین و ترسناك

ترین جەردەیە لە کوردستاندا بێ ویژدانترین تویاشە ،
ئەم پیاوە نەیانەت بە لاماری ئافرەتی داوە و لە چۆلەوانیدا
بەرووتی فڕێی داوە .))
ئنجا پێم گوت (( ئاغا ئەمە لە کوردستاندا شتێکی ناشیرین
نیە ؟ ! ))

وتی (( ئەم کارە لای ئێمە ئەوەندە ناشیرینە نازانم بەکام وشە باسی بکەم ؟! بەڵام سەلیم ئاغا ئاوەڵێکە لە شەرمی عەیبە نەهەستێ و هۆش ! . بەجۆرێک ئەو چەل پەنجا سوارەی لەژێر دەستایە بەکاریان دێنێ بۆ تاڵان و بڕوی ئەو کاروان و زیارەت چیانەی لە ئێرانەوە دەچنە بۆ کەربەلا و لێرەوە گوزەر دەکەن ، بەڵام هەرچی بەردەست کەوێ ئەوا رووتی دەکاتەوە )) . لێم پرسی (( پاشا بەرانبەر ئەمانە دەڵێ چی؟، ئاغا بەنۆکەری خۆی نازانێ ؟! . وتی (( بێ گومان دایە ،بەڵام پاشا ئەگەر کارێکی وەها بکات دەبێ پێچەوانەی باوک باپیری رەفتار بکات . بەڵام گەورەم چی بڵێم ؟! پاشا بەشی خۆی گیرۆ گرفتی هەیە لە وڵاتی خۆیدا ، ئێمەش نامانەوێ هیچ فەرمان رەوایەک لە جێگەی خۆیدا ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە هەتا بەهێز ببێت و بتوانێ پارێزگاری هێمنی و ئاسایش بکات . گەورەم چی بکەین ؟! ئەم سەلیم ئاغایە بەلایەکی پیسە - بالی - پیشان نەدابت لە تۆڵەی خراپەکاریەکانیدا خوا چی بەسەر هیناوە ؟!)) لە دوای ئەمە پێم گوت (( ئەم رووستەم ئاغایەی ئەم شەو دەچینە ماڵیان چۆن پیاوێکە ؟! ئەوی سەلیم ئاغا دەیکات ئەمیش هەمان رەفتاری هەیە ؟! ئەگەر بۆچی بلوێ رووتمان ناکاتەوە ؟! وەلامی دایەوە و دەیگووت

(( ئەمیش پیاوێکە هەر لەو بابەتە سەرەك تیرەی(زەنگەنە) بەڵام بە سایەی خواوە لە پیاوانی سلێمان پاشایە · سەرەسەراى ئەمە خوا یار بێ بەساخی دەتگەیەنینە کفری )) پێیم گوت (( خوا یار بێ ، خوا یار بێ - بەڵام سەرنج دەدەم هەمیوسەرەك خێڵێك لەم ناوچنانەدا هەمان پیشەیان هەیە )) · وەڵامی دامەوە (( ئاغە راستت فەرمووگەورەم ، بەڵام ئەمانە لە سەردەمی عبدالرحمن پاشای باوکی سلیمان پاشاو مەحمود پاشادا نەبوە · لە سەردەمی ئەودا ئەم شتانە رووی نەدەدا لەو رۆژگارەدا گەوهەرت بەسەر سەرەوە بوایەو ئالتونت بەدەستەوە بوایە بەسەرانسەری وڵاتدا بڕۆیشتبایە واتە لە سەر دەشتەو کفرییەوە لەکۆیەوە بۆ بانە بەبێ ئەوەی کەس بڵێ بۆکوێ و چی ؟! · بەڵام ناکۆکی و بەربەرەکانی ئەم دوو برایە وێرانی بەسەر وڵاتدا هێناو بەڵای بەسەردا باران · جارێك مەحمود و جارێك سلیمانە بەبێ ئەوەی هیچ کامیان بتوانن لە سێ ساڵ زیاتر فەرمانڕەوایی بکەن لە دوای ئەمە هەجەم هات و ناکۆکییەکەیان نەهێشت و وڵاتیان داگیر کردو خەڵکەکەشیان ڕوتاندەوە · ئنجا بەدوایانەدا تاعون و برسێتی هات ، بەجاری خەڵکی دا ڕزان و دوژمنی بۆ هێشتنەوە · بە جۆرێك کاتی دزی دەکرا هەر کۆمەڵە تفەنگەکەی دەخستە پاڵ ئەوی تر · دەست و پێوەدانی سلیمان پاشا هەر تاوان و دەستدرێژییەك بوایە دەیاندایە پاڵ دەست و پێوەندی مەحمود پاشاو بە پێچەوانە شەوە · راستیش ئەوەبوو پاشا ئەو توانا و دەسەڵاتەی نەبوو سزای تاوانبار بدات لەبەر ئەوە هەرچی بروشی بالك و راست هەبە

سەری خۆیان هەڵگرت و وڵاتیش بەم ئەم دزانە مایەوە )) بەرا-
نبەر بەم قسانە شتێکی ئەوتۆم نەبوو بیڵێم، ئەو دەمە-
شی کەوتینەوە ڕێ بەرەو دێ- ئیبراهیم خانجی- ئێستا
ئێمە لە ناوەندی ئاشوری گوندابین، ئەو وڵاتەی لە دەشتی
سلێمانیەوە هاتینە ناوی. ئێستا ئەم وڵاتە وەها دەبینیت
لەوە نەچێ مەڵبەندی ئیمپراتوریەتیکی بەهێز بوو بێ ئەم
لێتکە ڕووت و گردو دەشتە بەردەلانیە لەوە ناچێت ڕۆژگارێك
مەیدانی جەنگی فراوانی سەمیرەمیس و دوژمنەکانی بوو
بێت. ئەم جەنگاوەرە ئاشوریانە هەر چۆن بوو بن ئێمە
دوژمنەکانیشمان ببینین لە دڵ ڕەقی و هێزو نەبەردا لەمان
کەمتر نین وەك وڵاتەکەیان کە لە سەری دەژین ڕەق و سەختن.
- ئیبراهیم خانجی- ئەو دێیەی ڕۆستەم ئاغای لی دادە-
دەنیشت بریتیە لە نزیکەی سەد خانوو لە قوڕو قامیش
دروست کراوە- بەڵام دیوەخانی سەرەك خێڵ بە جۆرێك
دروست کرا بوو دەمگوت ئەگەر بابەك هەڵکات لە ناویا
گوێ دەکرێن و بارانیش بباریت هەروەها. کوڕەکەی بەگ
پێشوازی کردین، ئەم کوڕەی منداڵکارو شەرمن بوو سەر لە
ئێوارە ڕۆستەم ئاغا هات پیاوێکی ڕۆح سووك و ڕووکلاوەو
گەنم ڕەنگ بوو. دەم و چاوی خڕو پێکە نینێکی بێ باکانەی
هەبوو. بە گفتوگۆیەکی قەرەبالغ بەخێر هاتنی کردین. لەو
پیاوە تونوو ڕەقانە بوو کە ڕووخۆش و نەرمن هەتا کەس
سەغڵەتیان نەکات ئەگەر وەك چون ستەرە سکوتلەندیەکە
سەبارەت بە منداڵە نازدارەکەی دەیگوت (( هەمیشە
دەخنیتەوە هەتا زەوقی باش بیت بەڵام کەسیك بەستی

بکات ڕووی گوژ ده‌بێت و بۆی دینێته‌وه‌ به‌ڵ )) له‌ سه‌ره‌تادا
شێه‌ کپ و دووره‌ په‌رێز بوون، هه‌میشه‌ هه‌وڵم ده‌دا خه‌ڵکی
له‌گه‌ڵیان ته‌با بن، هێنده‌ی نه‌ده‌خایاند له‌ به‌کتر ده‌گه‌-
یشتین و ده‌که‌وتینه‌ قسه‌ی خۆش به‌لام ئه‌م ئه‌نجامێکی
سه‌یری هه‌بوو، هه‌ر که‌ له‌ به‌کتری ناسین و گفتوگۆ بوینه‌وه‌
خزمه‌ت چیه‌ که‌ سێ بانگ کردو پرسیاری لی کرد بوو (( ناوت
چی به‌ ؟! ، له‌ کوی ده‌ژی ؟! چه‌ندێك ده‌بێت له‌ته‌ك
ئه‌م کابرایه‌ دای ؟ ئایا به‌رانبه‌ر به‌و خزمه‌ته‌ پاره‌ت
ده‌داتی ؟ یا خود که‌سێك ناردوویتی له‌ ته‌کیا ؟ ! تۆ
خۆشحاڵی به‌ خزمه‌ت کردنی ؟! دوای ئه‌وه‌ی وه‌لامی هه‌موو
پرسیاره‌کانی دابوه‌وه‌ وتبوو (( گه‌وره‌ته‌ کام چه‌شنه‌ چه‌کی
هه‌به‌ ؟ ! بۆم بینه‌ )) پێم گوت بوی به‌ره‌ . ئاغا گرتی به‌
ده‌ستیه‌وه‌، کاتی له‌ ده‌مانچه‌کان ورد بوه‌وه‌، به‌نا به‌دڵیه‌وه‌
فرێ دایه‌ ئه‌ولاوه‌و ده‌ی گوت (( ئه‌م جۆره‌ چه‌کانه‌ ده‌ناسم،
دوای له‌ شیوه‌ ماوه‌یه‌ك له‌مه‌و پێش هاتن بۆ ئیره‌ دوو جووت
له‌و ده‌مانچانه‌یان دابمی به‌لام وه‌رم نه‌گرت چ سودێکیان
هه‌یه‌ بۆم ؟! من له‌م جۆره‌ ده‌مانچانه‌م ده‌وی )) دوو ده‌مانچه‌
ی باشی له‌ جۆری - مورتیمد -ی دوو لووله‌ ده‌رهێنا به‌لام
به‌هۆی زۆر به‌کار هێنانه‌وه‌ خوار بوون ئنجا وتی (( ئه‌گه‌ر
له‌ مانه‌ت لا بوایه‌ لێم وه‌رده‌گرتی، به‌لام ده‌مانچه‌کانت بێ
که‌ڵکن ئێستا پێم بڵێ شتی ترت پێ یه‌ ؟! . ئه‌و شتانه‌ی من
حه‌زیان لی ده‌که‌م ده‌مانچه‌و شاڵ و کراس و به‌رگن )) ئنجا
به‌رگه‌که‌ت خوی نیشان دام که‌ قوماشی قرمزی بوو . وتی
(( شالی کشمیرت له‌ مه‌ هه‌به‌ ؟ بروانه‌ )) ئه‌مه‌ی وت

پەنجەی بەدرێژ کرد . شاڵێکی کۆنی چنراو بە زیو لەسەر سەری
بوو . ئنجا پێم وت (( ئەو گەڕیدانەی لە ڕێگایان دا ئەبیسرەوە
تێدەپەڕن بو بەغدا ئەم جۆرە شتانەیان پێ نیە ، لە ڕاستیدا
ئێستا منیش تەنها ڕاخەرو جاڵ و بەرگی تایبەتی خۆمم پێ بەو ،
هیچی تر )) . وەڵامی دامەوەو وتی (( هیچ شتێك تەماشای ئەم
چەند شتە بکە ، گەڕیدە غەرەنگیەکانی داوبانمی ئەوانەی
بۆم باس کردی )) چەقۆیەکی -سپورت- ی ئینگلیزی دەرهێنا
ئنجا وتی (( کاتی نوێژ هاتووە ، پێویستە نوێژ بکەم ، بەڕ-
ماڵەکەی لە تەنیشتمەوە ڕاخست و نوێژەکەی دابەست . دوای
کە مێ لە نوێژ بووەوەو ڕووی تێکردمەوە . لەو کاتەدا ئەو
چەقۆیەی بو کاروباری خۆم بەکارم دەهێنا لەکاتێکە شتدا
دەرم هێناو پێشکەشم کرد ، تێم گەیاند ئەم چەقۆیە چەکێکە
سوودی زۆرە لە جەنگ و ئاشتیدا . باشترین چەقۆی ئینگلیزە
بەخۆشی و ڕەزامەندیەوە وەری گرت . ئنجا ڕووی کرایەوە و
کەوتە قسەو نوکتە گێڕانەوە . لە زۆر لایەنەوە گفتوگۆمان کرد
گەیشتمە ئەوەی بەگەڵ هەمیشە ئەم دیاریانەی پێ دەبەخ-
شرێ . چەند جارێك باسی ئەو دیاریانەی کرد کە گەڕیدە
کانی تر پێیان بەخشیوە . دەمویست لەم ڕێگایەدا دڵی
ئەم کەسانە ڕازی بکەم و بیان کەمە هاوڕێی خۆم هەتا
سوود بەخش بێت . بو ئەو کەسانەی لە دوای منەوە ڕێیان
دەکەوێتە ئەم ناوچانە . لە دەرفەتێکدا ئەو بە دەست
مقەستێکەوە پەست بوو کە پارچە کاغەزێکی پێ دەبڕی من
مقەستێکی ئینگلیزی ناپابم پێ بەخشی . ئەمە زیاتر لە چەقۆ-
کەی پێم بەخشیبوو دڵی خۆشی کرد کە وتە بیبا بەڵدانی

٨ . ئینگلیزو کەل و بەلە پاشاکانیان . ئنجا لە قسەکانماندا چوینە
سەر باسی خواردنی گۆشتی بەراز و مەی خواردنەوە و چوینەتی
حەرام بوونی لای ئەوان . ئنجا بۆ باسی خێو و دێو و شەیتان و
هەندێ خوی ترسناک . تا رادەیەک بڕوای بە هەندێ خەرافیا-
ت هەبوو . ئەمە شتێکی بەناوبانگە لەلای ئەم فێڵبازو ڕێ
گرانە . دیار بوو کە ڕۆژی -توێنە- بۆ تاڵان و خوێن ڕشتن دەیبر
بوو لە ڕوستەم بەگەوە . باسی شەڕ و تاڵانی و کوشتارەکانی
خۆی بۆ دەکردم . کە دیار بوە چەند دڕندە و شەڕانی بوو . پێی
وتم (( بەلایەنی کەمەوە دە جار لە شەڕدا بریندار بوە گەرچی
زرێی پۆشیوە ، . دەیگوت (( لە هەموو چەشن زرێم هەیە ،
بەردەوام بەکاریان دەهێنم ، بەلام وا فێر بووم زۆر کەم
پشتیان پێ ببەستم . بەڵکە تەنیا پشت بە خوا ببەستم . ))
ئەمیش دەنگی خستە پاڵ دەنگی زۆر کەس کە نەفرەتیان
لەو ڕۆژە ڕەشانە دەکرد بەسەر کورددا هاتبوو . دەیگوت
(( ڕۆژانی زێڕی کورد بەسەر چوو ، سوار بەو سەرانسەری
وڵات بگەڕێ چ گیانێک و چ زیندوێتیەک دەبینی ؟! هەموو
سوار چاک و پیاوە ئازاکان کۆچیان کردوە ، یا خود هەڵهاتوون
بۆ وڵاتانی تر . یا خود بە ناچاری گاسنیان گرتوە بە دەستەوە
بۆ ئەوەی بتوانن ئەو پارەیە بەدەست بهێنن کە پاشا لێیان
داوا دەکات یا خود لە پێناوی ژیاندنی ژن و منداڵەکانیان دا
دەبێ سەرباز چ سوودێکی هەبێ کاتێ خەریکی گاسن بێت؟ ))
هەرچی دەربارەی نەمانی خۆشی و ئاسایش دەیوت لە وڵاتە
کەدا بڕوام پێ دەکرد . بەلام پێم گوت (( خەڵکی هەموو خەریکی
ئیش و کار نین ، بە بەڵگەی ئەو مەترسانەی لە ڕێگادا هەن )) .

وەڵامی دامەوە و دەیگوت (( ئەمە گرنگ نییە ، چونکە تەنھا
چەند دزو جەردەیەکە لەم لاو لەو لا بەڵام سوار چاکی ئازا
ئەوە هیچ نەماوە ، لە لایەن منەوە کە ڕۆستەم بەگم دڵنیابە
دەپارێزوێ ی . لەنێوان شێرەو کفری دا هیچ شتێکت بەسەر
نایە ، تۆ پیاوێکی باش و نایابی ، ڕێزت لێ دەنێم و جێگەی
خۆت هەیە ، چونکە لەزۆر لەو کەسانەی وڵاتی خۆت ناچیت
کە پێشتر چاوم پێیان کەوتوون ، ئەوانەی لە خواردن و نووستن
زیاتر هیچیان لە دەست نایە ، چاو کراوە بیت و زەوقی باشت
هەیە ، دڵنیابە سبەی بە ساغی کفری دەبینیت )).

ئێستا ئەوەندەی پێویست بێت لە بارەی ڕوستەم ئاغاوە
دەزانیت زیاتریش لە بێویست باسی شەخسیەتیم کردو لە
بارەیەوەم نووسی . لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە نموونەیەکی
باشی بەگێک لە سەردارە کوردەکانە . ١

بۆ سبەی بەیانی ڕێ نەزێک و نامەیەکی لەتەکدا ناردبێ
بۆ کفری . بە چاوی خۆی و ژبانی میوانەکەی سوێندی خوارد
کە تاڵی لە قژم زیان نەهێنی . لە هەر شوێنێک ئەفسەری
ئەوی لێ بووات . لێرەدا ئیتر لە باسی ئەو عاوەلە کوردە
نەبەردەو قارەمانە کە زۆرم بۆ باس کردی واز دێنم . دبارە
ئەمانیش وەک هەموو نەتەوەیەک خوڵقاوی ڕۆژگارو فێر
بوون و پەروەردەن بەڵام مۆرکی تایبەتی نەتەوەیی خۆیانیان
پێوەیە و بە شتێکی باش بۆیان دەگەڕێتەوە . ئەوان ئازاو
خاوەنی میوانداریەکی مەزنن ، بەڵام سیفەتی دواییان کە
میوانداریە لەم دواییەدا بە هۆی هەژاری و زۆرداریەوە کەم

سووتەلایە ٠ ئەمانە وەک ئەمەیە ئەو نەتەوانەی بە ئازاد ل

بوونەوە ٠ ئەمانە وەک ئەمەو ئەو نەتەوانەی بە ئازاد ل
دابەوە خەریکی شێخێک یا ئاغایەک فەرمانڕەوایان
دەکات خۆشەویستی زۆریان بۆ تیرەگەریە، ئەمەوایان لێ
دەکات دڕندە و نەترس بن لە شەڕ و ناکۆکیان دا ٠ مەسەلەی
تۆڵە و لە سەر کردنەوەی هاوسێ زۆرجار پەیوەدەسبێنی
دەبێتە هۆی خوێن ڕشتنێکی زۆر لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان
سووشت و ئارەزووی خۆیان کەمتر لەگەڵ ئەمڕیانە پڕ لە
ئاژاوەیە دابە ٠ زۆر بەبادی جەنگ و سوکردنی ئەم کارەیان
پێ دەکات و خوێن دەڕژێ، هەتا ئەمە وەهایان لێ دەکات
مرۆڤ لە نزمترین ڕادەدا ببینن لە چاو ڕوانینی هەر وڵاتێکی
پڕ لە هێمن و ئاسایشدا بۆ مرۆڤ ٠ گەلێ جاریش شەڕ و ئاژاوە-
کانیان بە بێ خوێن ڕشتن دوایی دێت ٠ ترسی ئاینی و سزای
خوا لە نواندنی گەلێ هەڵوێستی خوێناویدا پەشیمانیان
دەکاتەوە ٠ ئەم بارودۆخە لە زۆر تیرە و خێڵی نیوەدڕندەدا
ڕوو دەدات کاتێ هێزێکی وەها گەورە نەبێت دابینیان بکات٠
خۆ ئەگەر هەرکەس لە نزیکەوە زانیاری و بیروێک لە کوردەکان
یا خود تورکمان یا خود عەرەب وەرگرێ لە ڕووی ناکۆکی و
هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتیەوە ئەوا ژیانی ئەو ڕۆژگارە
بێنێتەوە بەرچاوی خۆی کە لە دوو چەرخ پێش ئێستا لە ناوچە
شاخاویەکانی ئێمە لە سکۆتلەندە هەبوون ٠ ئەگەر وەک تاکە
کەسیش بیگرین کوردەکان بە کار و بە هێزن ئەوەندە جیاواز
نین لە هاوسێ ئێرانیەکانیان ٠ بەڵام هەندێ دیاردەی نەتەوەیی
لە دەم و چاویان دا هەیە شێوەیەکی وەهایان دەداتێ بتوانێت

چوێیان بکەینەوە • ئەو عباوکەرتانەن دەم و چاویان تەنک و
بارێکە، شێوەی ڕوویان هێلکەییە • لەلاوە ئەم دەم و چاوانە وا
دیارە ئێسکی لوت بەرز بێتەوە و دەم و قەپۆ قەپراگە بەچالا
چوو بێت بە شێوەیەکی گشتی نیوەباز نەبێ دەرکەوێـــت.
چاویان گەشە و کاڵ دەنوێنێ برۆیان چڕ و دیارە، کەمێ بۆ
لای پشتەوە چوو • هەتا شێوە لا بەلایە کە تەواو بکەین بەڵام
شێوەی گشتی دەم و چاویان لە ئێرانییەکان وردو لاوازترە • لەمەشی
ئەوان لە کوردەکان پتەوترە • زۆر بەدەگمەن لوتێکــــی
وا تەپیو لە کوردستاندا دەدۆزیتەوە • دەمیان ڕێک و لە
بارە • ددانیان جوان و وردە • دەست و پەنجەیان وردو لاوازە •
بەگشتی جۆرە ڕەنگێ و گونجاندنێک لە سیمای کوردا دەبینر-
ێت • ئەمە وایان لێ دەکات ببنە نەتەوەیەکی تەشەنگ و
پۆشتە لەناو نەتەوەکانی تردا • هەمان ئەم خاڵانە بەسەر
ئافرەتیشدا دەسەلمێ • وەک نیشانانەی بۆم ساغ بۆتەوە،
ئافرەتەکان کاتی کچێنی زۆر جوانن • بەلام کە دەچنە ساڵەوە
یا خود دەگەنە تەمەنی پێگەیشتنی تەواو بەرەو نەمان
دەچن • بەزوویی پیری و ئاکانیان لێ دیاری دەدات • ڕێکە-
وتی باشم بۆ هەڵکەوتوە کە تەواو لێیان ورد ببمەوە • چونکە
ئەمان وەک ئافرەتە ئێرانییەکان عەباو پەچە ناگرنەوە • ئەگەر-
یش هەر بیانەوی ڕوویان داپۆشن ئەوا ئەو دەستەسڕەی
بەسەریەوە دەیبەستن دەی هێننە خوارەوە • دەم و چەناگەی
پێ دادەپۆشن، بەداخەوەم نەمتوانی لە هەلس و کەوتــی
ناو ماڵیشیاندا لێیان بدوێم • بەلام ئەوەی دەیزانـــم

ئه وه به ئه مانه له ژیان و ئه رك و كارو باریان دا لــــه زۆر لایه نه وه له ئافره ته خێڵه كیه ئێرانیه كان ده چن . ئافره تی چینه ده ست ڕۆیشتوو ده وڵه مه نده كان كه له شاردا ده ژین له ماڵی مێردو باوكیان دا زۆربه ی كات هه ر له ماڵه وه ن . كاتیكیش ده چنه ده ره وه ڕوو ده پۆشن .

ئه وا گه یشتینه كفری له پاش ئه وه ی بیست و دوو میلمـــان بوی له وڵاتێكی وشك و چۆڵدا ، وه ك دوا قۆناغی ڕێگاكه مان وا بوو . لێره ده شته كان زۆر پان و به رین ترن وه ك له ناوچه شاخاویه كان . ده شته كان سه رانسه ر سوتا بوون و دیمه نێكی ناشیرینیان هه بوو . له و هه موو ڕێگایه دا دێ به كه مان تووش نه هات . خۆشمان ئاره زوومان له بینبنی هیچ كه س نه بـــوو . هه رچیه كیشمان ده بینی كه لكی ئه وه ی پێوه نه بوو هاوه ڵییان بكه ین و له ته كیاندا بڕۆین .

١

كفری ده كه وێته ده روازه ی ڕێ ڕه وێكه وه به ڕووی كومه لــــێ گردۆلكه ی وشكدا ده كرێته وه . ئه و گردانه له ڕووی ده شته كانه وه به شێوه ی ته پولكه به رز بونه ته وه دارخورما به جورێك به رز بوبوه وه له سه ر - شوراكه ی تێ په ڕاند بوو . ئه وه یه كه م دارخورما بوو كه بێته پێش چاومان . هه موو وامـــان هه ست ده كرد ده چینه ( عه ره بستان ) ه وه (٢٨ ) گۆڕانـــی چاو به رگ و سیمای خه ڵكه كه وایان لێ ده كردین بڵێین ئێمه له خاكی تورکیا داین . ملی ڕێگامان به ره و خانوویه ك گرت زانیمان بو ئێمه ته رخان كراوه . له ده ره وه ی خانوه كـــه ، له سه ر چه ند فه رشێك كومه ڵێك له - عوسمانلی - یه كـــان

دانیشتبوون . بە هێماو دەست جوولاندن پێشوازیان کردین و بە چەند وشەیەک بە خێرهاتنیان کردین . خزمەت چیەکان تورک بوون - هەموو شتێکی دەوروپشتمان ، لە وڵات و لە خەڵکی دیار بوو گۆڕا بوو . بۆ یەکەمجار - لەم گەشتەمدا بینیم دەمەقاڵێ لە سەر خواردنی شیمە و جۆوکای ئەسپەکان دروست نەبوو .

هەموو شت بە تەواوی و ئەوپەڕی سەربەستی ئامادەکرا بوو بۆمان بەبێ قسە و پرسیار کردن ، بەڵام هەستم کرد خوبەکیان جێگەی پەست بوون و توڕبیە ئەمیش ئەوە بە خزمەت چیەکان لە بری ئەوەی چاوەڕێ بکەن تۆ هەروا بۆ ناو شتێک پارەیان بدەیتێ ئەمان هەموو بەیەکجار هێرشت دەبنە سەر و داوای بەخشش دەکەن ، تەنانەت لەمەدا وەردسانەکەشیان لەتەکدا بوو . نازانم بە چ مافێک ئەمەی دەکرد .

ئنجا بۆ چارەسەری ئەم کارە تەنیا ڕێگەیەک کە بە باشم زانی ئەوە بوو یەک جار هەرچی پێویستە پێیان دەمیو دوایی هەرچیان داوا کرد ڕەتی بکەمەوە .

************************

(١) فرامۆز - ناز ناوی - رەشید نەجیب - ە . کە یەکێك بوو لەوانەی لە سالآنی بیست دا ئەدەبی کوردیان نوێ کردەوە . لە سەرەتادا بە شیعر دەستی پێ کرد و دوایی بە نووسین . لە نووسەرە دیارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ - بوو . پیش ئەوەش ماوەیەك سەر نووسەری رۆژنامەی ژیان بووە کە دەکاتە سالی ١٩٢٧ . گەلێ بەرهەمی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی ناز ناوی -گۆران- ئەم بۆ عبداللە گۆران -ی داناوە . هاورێی نزیکی گۆران و شیخ سەلامی شاعیر و شیخ نووری و پیرەمێرد و بێکەس بووە . سالی (١٩٠٥) لە دایك بووە لە سلیمانی و سالی (١٩٦٨) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە لە دوای داخستنی -گەلاوێژ- لە سالی (١٩٤٩) وەئیتر نووسینی نەبوو . سالانی ١٩٥٣ ـ ١٩٥٥ ـ ١٩٥٦ ـ ١٩٥٨ ـ متصرفی کەرکوك ، هەولێر موصل ، بەسرە . بووە .

(٢) مەبەست لە سالی (١٩٣٩) یە ، هەتا (١٨٣٤) کە فەرەیزەر گەشتەکەی تیا نووسیوە (١٠٥) سال دەکات و هەتا ئێستاش کە سالی (١٩٨٥) دەکاتە سەد و پەنجاو سێ سال .

(٣) گەلاوێژ - ژمارە (١) سالی - ١ - ١٩٣٩ .

(٤) کتێبخانەکەی رەشید نەجیب پێشکەشی کتێبخانەی گشتی سلێمانی کراوە و ئێستا لە وێ بە ناوی خۆیەوە دانراوە . پێنج جۆر کتێبی تیابە ، کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ، تورکی ، فارسی . شیانی باسە - رەشید نەجیب - بە خوێندنەوەی نووسینی تەواوی ئەو پێنج زمانەکەی زانیوە و قسەی پێ کردووە .

(٥) هۆرەبۆزەر ـ لە تەورێزەوە دەستە ورمێ و سابلاخ و سەر-
دەشت و شنۆ و سلێمانی و کفری و بەغدا . ڕێگەی ئەم
گەشتە نزیکەی مانگێکی خایاندوە . بەلام نازانین ئایا
چەند لە بەغدا ماوەتەوە دوایی بە ماوەی چەند لە
بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ ( بەعقوبە ) و لەوێشەوە بۆ کرماشان
و هەمەدان هەتا دەگاتەوە تاران . ڕێی تێدەچێ لە
بەشی دووەمی گەشتەکەیدا باسی کورد بێ بەلام ( دکتۆر
جعفر الخياط ) و ( ڕەشید نەجیب ) کە نوسخەی ئینگلیزی
هەردوو بەرگی گەشتەکەیان لە لابوە بەداخەوە هیچیان
لەم بارەیەوە نەنووسیبوە و نەگوڕیبوە .

(٦) سلێمان پاشا ـ کوڕی عبدالرحمن پاشای بە عێز توبن
پاشای بابانە . بڕوانە بنەماڵەی بابان لەم نەخشەیەدا .

(٧) ئەو واتایانەی لە نێو دوو کەوانەدا سەبارەت بە
کوردستانی ئێران نووسیمان تایبەتە بە گۆڕینەکەی ـ ڕەشید
نەجیب ـ و کردمانە پاشکۆی ئەم باسە .

(٨) بلباس ..

ـ ڕسول ماوی الکرکوکی ـ لە کتێبی ـ دوحە الوزراء ـ دا سەبارەت بە کارەساتەکانی ساڵی ١٢١٧ ی هیجری دەڵێت ـ خێڵی بلباس لەنێوان هەردوو سنووردا لە ـ لاحیجان ـ و ـ شنۆ ـ و ـ کوعیە ـ نیشتەجێ بوون . هەمیشە پەلاماری ـ سوج بولاق ـ و ـ ورمێ ـ و ـ مەراغەری ئێرانیان دەدا . ئەمەزیانی بەبەرژەوەندی هەردوو وڵاتەکە دەگەیاند . لە سەر ئەو سکالایانەی سەبارەت بەم دەست و درێژیانە دەنووسران والی بەغداد .

شەنی ئەحمەدی دارە شمانە

خان بەدخ
( باپیری میرا ودەلبەکانی
پشدەر

باب سلیمان سلیمان پاشای یەکەم
١٦٦٣ ــ ١٦٧٥
ماوەی فەرمانڕەوایی

خالد پاشا
١٧٣٢ ــ ١٧٤٣

خانە پاشا
١٧١٥ ــ ١٧٣٣

بەگدە سوور
١٦٧٥ ــ ١٧١٥

سلیمان پاشای دووەم
١٧١٥ ــ ١٧٦٣

سەلیم پاشا
١٧٤٧ ــ ١٧٥٧

ئەحمەد پاشا
١٧١٥ ــ ١٧٣٣

عبداللە

سەلیم

عبدالرحمن پاشا
١٧٧٩ـ ١٨١٣

عثمان

سلیمان پاشای سێیەم
١٨٢٨ـ ١٨٣٨

محمود پاشا
١٨١٣ـ ١٨٣٤

محمد پاشا

عبداللە
قائمقامی
سلیمانی

ئەحمەد پاشای
دوا میری بابان
١٨٣٨ـ ١٨٤٧

ئیبراهیم پاشا
شاری سلیمانی
دروست کرد
١٧٨٣ ـ ١٨٠٣
|
قادر پاشا
|
جەمال

خالد پاشا
|
عبداللە
|
رەشید
|
جەمال

ـ عه لی پاشا ـ موته سه ریفی سلیمانی ـ ئیبراهیم پاشا ـ ی نارد
٨ بوته جێ کردنی ئه م خێڵه • ئه وه بوو هێرشی برده سه ر به ش
به شێك له و خێڵه له عه ولێرو ده وروبه ری و بۆ ماوه یه ك
دووری خستنه وه •
(٩) میر محمدی ره واندوز ـ پادشای گه وره ـ
له به شی دووه می کتیبی ـ عشائر الواق الکردية ـ دا نووسراوه ـ
ـ محمد پاشای ره واندوزی کوری مسته فا به گی ئوغوز به گی
کوری ئه حمه دی دووه می کوری مسته فا به گی کوری عه لی به گی
کوری شاقولی به گ دروستکه ری ـ شه قلاوه ـ یه •
(١٠) لێره دا نازانین په یوه ندی ـ دمدم ـ چی یه له گه ل مه سه ـ
له ی میر محمد پاشای گه وره ی میرنشینی سۆران • له کاتێکدا
ـ دمدم ـ زۆر له ره واندوزه وه دووره •
(١١) له کتیبی ـ أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث ـ دا نووـ
سراوه ـ میرنشینی ره واندوز له سالی (١٨١٠) ی زاینیی دا
ـ له ئوغوز به گ ـ ه وه که وته ده ست مسته فا به گ • ئه میش
دوای جه نگێکی به رده وام له گه ل بابان ـ ه کان ژنێکی له وان
هێناو ناکۆکیان نه ما و که وته رێك خستنی کاروباری میرنشینه ـ
که ی به زیره کی فه رمانداری کرد محمد به گ ـ میر محمد ـ
به هۆی پیر بوونی باوکیه وه پێش مردنی باوکی ده سه لاتی
گرته ده ست • ، مسته فا به گ له ١٨٢٦ ی زاینی دا کۆچی دوایی
کرد و محمد به گی کوری هاتێته جێ ی و ده ست به جێ هه ر
دوو مامه که ی خوی کوشتوه •
(١٢) (میر محمد) کاتی ئاسندی داگیر کرد ره سول به گی برای
کرده فه رمانداری •

(١٣) ئەم خێڵە ئەمڕۆ ئێستا لە ناوچەی -مێرگە- ی سەر بە ناحیەی - گۆێز - کە سەر بە هەولێرە دادەنیشن • ئێستا شێخ - خش الحمود الهوا - سەرەک خێڵیانە ( ئێستا مەبەست لە سالی ١٩٦٤ •

(١٤) موسا پاشا - لونگریک - لە کتێبی - أربعة قرون تأريخ العراق - دا دەڵێت ڕەسول ی برای لە وێ دانابوە •

(١٥) لونگریک - دەڵێت (( توانای - میر محمد - ی ڕەواندوزی لە زنجیرەیەک لە داگیر کردنەکانیدا دەرکەوت • خێڵەکانی شیروان و برا دۆستی خستە ژێر دەستەلاتی خۆیەوە •

•• دەسەلاتی - سورکی - یەکانی کەم کردەوە فەرمانداری بابانیەکانی لە حەریدەوە پەراند •

هەولێرو پردێ ی گرت • خزمەکانی لەو جێگایانە کردە فەرمانداری • ڕانیە و کۆیەی بابان - یەکان سەندەوە زێی خواروی کردە سنوور • عەلی رەزا - پاشا بەغدا ناچار بوو دان بەم دەستەلاتەدا بینێ و پلەی - پاشا - ی دایە • لە سەرەتای سالی ۱۸۳۳ - محمد پاشا بەرەو ئاکرێ ڕۆیشت • ئابلوقەی داو داگیری کردو ئیسماعیل پاشای فەرمانداری لە وێ دەرکرد • ئامێدی داگیر کردو سەید پاشای - فەرمانداری دەرکردو ڕەسول بەگی برای کردە فەرمانداری • دهۆک و زاخۆ بوونە بەشێک لە ئیمپراتوریەتەکەی لەو جێگایانەدا کاروباری ڕێک خست و بە توندو تیژی داو وەری کرد چیاکانی شەنگاری گرت و لە چەند دێیەکی نزیک موسڵ دا - جزیرە ی ابن عمر - ی گرت •

بەدرخانیەکانی لە - حسنکیف - ترساند • مەترسی بو - نصیبین - و - ماردین - پەیدا کرد بەلام لەوڕادەیەدا وەستا •

(١٦) چاپەنووس ئەم سۆقە سەر سەرێنلەوە وە تا ئەسوو کە چاوەڕوان دەکرا • هاتنە پێشەوەی خێرای کاری گەری لە سەر ناوچەکانی سەر بە تورکیا جوڵانەوە بەکی دژ ابەتی لە ـ باب العالی ـ دا بەرامبەر پەیدا کرد ـ ڕەشید پاشـــا ـ ـ گوزلکی ـ بە سەرکردە یی سوپایە کی گەورە وە لە دیاربەکری کوردستانەوە بۆی کشا • عەلی پاشای والی بەغدا و مەحمود پاشای بیرقەداری والی موسل لە خوارووی ڕۆژئاواوە بە دوو سوپاوە هێرشیان بۆ کرد • میر پاڵەوانانە بەرەنگاریان بوو بەرگری لە خۆی کرد • ئەگەر سوپاکەی دڵسۆز بونایە ئەوی ئەو لە شکرانەی دە شکاند • بەڵام میر لەو وڵاتانەدا کە داگیری کرد بوو خۆشەویست نە بوو • هەندێ لە فەرماندارە کانـــی ئارەزووی خیانەتیان هەبوو ئەوانەش کە زۆر نزیکی بوون هەمیشە دڵسۆزی بوون کاتی ئاڵای سولتانیان بینی بەرا ـ نبەریان دە شەکێتەوە ترسی ئامینیی دای گرتن • جگـــە لەمانە لە هەمووی کاری گەرتر بۆ شکاندنی سوپاکـــەی میر ئەوە بوو کوردەکان کاتی سوپای خەلیفەی پێغەمبەری ڕابەری ئیسلامیان بینی توانای نەبەردو هەستی بەرگـــری کردنیان تیا نەما • میر هەستی بەمە کرد ، لەپاش ئەوەی یەك لە دوای یەك قەڵا سەختەکانی لە دەست دا لە کۆتایی مانگی ئابی ١٨٣٦ دا خۆی دایە دەستی ـ عەلی پاشا ـ ی والـــی بەغدا • نێردرا بۆ ئەستەمول و ماوەیەکی کەم لـــەوێ مایەوە • پاش چەند مانگێك سولتان لێی خۆش بوو بـــە پلەی فەرمانداری وڵاتەکەی ناردیانەوە بە و مەرج و بەڵێنەی لێیان وەرگرت کە دابین ببێت و بزوتنەوەی نەبێت • بەڵام

بەداخەوە نەگەیشتنەوە وڵاتی خۆی و دبارە لەڕێگادا بە پیلانی سوڵتان کوشتیان .

(١٧) لەو سەردەمەدا سلێمانی سەر بە ئیران بوو . فەرمان ڕەوایەکی ناوچەیی دەکرا لەلایەن سلیمان پاشای عبدالرحمن پاشای بابان ـ ەوە لەژێر چاودێری ئوردوبەکی ئیرانیدا . هویەکەش ناکوکی و رقەبەری نێوان سلیمان پاشاو مەحمود پاشا بوو لەسەر فەرمان ڕەوایی ئەم ناکوبکیە وای لی کردن دەمێك بچنە ژیر دەسەلاتی ئیران و دەمێکیش تورکیا . چەندەها جار ئەم دوو برایە ئەم پەنا بردنە ...ن دووبارە دەکردەوە لەراستیشدا ئەوان ئەمەیان لەعبدالرحمن پاشای باوکیان و مامەکانیانەوە بۆ مابوەوە .

هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی دەولەتی ئیران و تورکیا چەند جارێك بەیەکدا بدەن و هەروەها میرنشینی بابان خۆیشی لەناو بچێت .

لونگریك ـ دەلێت ـ هەرای نێوان بابانیەکان خۆیان کوتایی نەدەهات تەنانەت داوی پەیمانی ـ ئەرزروم ـ ی یەکەم لە تەموزی (١٨٢٣ ) دا هەر لەو کاتەوە ئەو بەربەرەکانە دریژ خایەن و دارزینەرەی نێوان سلێمان پاشاو مەحمود پاشا دەستی پێکرد . ئیران و تورکیاش بەردەوام سەری ولانەکەیان دەکوتایەوە . هەتا ئەم ڕقەبەریە بوە هۆی لەناوچوونی میرنشینی بابان و نەخۆشی ـ تاعون ـ یش بەسەردا هات و بەتەواوی وڵاتی خاپور کرد .

(١٨) ئەمە هەر ئەو تاعونە بوو کەلەدوا رۆژەکانی فەرمان ڕەوایی داود پاشا ـ دا لەبەغداو دەوروبەری بلاو بوەوە بە

شیوه‌یه‌كی ترسناك خه‌لكی قه‌لاچۆ كرد .

(١٩) مه‌به‌ست له‌ده‌شتی شاره‌زووره‌ـه .

(٢٠) بالیوز ـ له‌بنه‌ره‌تدا وشه‌یه‌كی یونانیه‌ ، رۆژانی فه‌رمان ره‌وایی عوسمانیه‌كان به‌كارهێنراوه . بۆ مانای كاربه‌ده‌ستی ئه‌ورووپی له‌ولاتی توركیادا . هه‌روه‌ها به‌به‌ر پرسیاری به‌ریتانی ده‌وتـرا له‌به‌غدا .

(٢١) ناوی سه‌رتیپ ـ محمد خان ـ له‌راپۆرتی ـ ده‌رویش پاشا ـ دا نوسراوه كه‌دانرابوو بۆ دیاری كردنی سنووری نێوان ده‌وڵه‌تی عوسمانی له‌لایه‌ن سوڵتانه‌وه سالی (١٢٦٠)ی كۆچی. سالی (١٩٥٣) وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی عێراق ئه‌م راپۆرته‌ی به‌عه‌ره‌بی چاپ كرد . به‌ندی ژماره (٨) ی ئه‌م راپۆرته سه‌باره‌ت به‌خێلی بلباسه‌وه نووسراوه (میر محمدی ره‌واندوز هێزێكی سه‌ربازی نارده‌كۆیه‌وه داگیری كرد ـ عه‌لی ره‌زا ـ پاشا ـی والی به‌غدا ئه‌م كاره‌ی پی ناخۆش بوو . هێزێكی چه‌كداری له‌ژێر فه‌رمانده‌ی سلێمان پاشای فه‌رمانداری سلێمانی دا نارد بۆ لێدانی میر محمدی ره‌واندوز سلیمان پاشا هیچی بۆ نه‌كرا و داوای كۆمه‌كی له‌ئیران كرد . ئێرانیه‌كان سه‌رتیپ محمد خان ـ یان له‌ته‌وریزه‌وه به‌هێزێكی گه‌وره‌وه نارد شه‌رێكی گه‌وره له‌قه‌لای ده‌ربه‌ندا كرا . محمد پاشا داوای رێكه‌وتنی كرد . هه‌شت ده‌گای سه‌ر به‌كۆیه‌ی دا به‌سلێمانی .

(٢٢) ژاله ئه‌مرۆ ده‌كه‌وێته ناحیه‌ی شیروانه‌ی سه‌ر به‌قه‌زای كفری .

به‌شێكی زۆر له‌خێلی جاف له‌وێ نیشته‌جێن . به‌تایبه‌تی ـ ره‌وخزادی ـ و شاتری ـ .

(٢٣) جاف ـ خێڵێکی گەورەیە لە خێڵە کوردەکان ـ لە سەر ئەو ئەڵکانە دەگوترێتەوە لە دێیەکانی نێوان کەرکوك و سلێمانی لە عێراقداو لە ناوچەی جوانرۆی ئێراندا دادەنیشت گەرمیان دەکەن . واتە ئەم خێڵانە زۆربەیان لەو ناوچانەدا کۆچەر بن . ئەو خێڵانە لە چەند تیرەیەك پێك دێ لە ئێران و عێراق بڵاو بوونەتەوە ئەم هەموو خێڵ و تیرانە تەنیا سەرۆکێکیان نیە . بەڵکە ئەو تیرەیەك سەرەك تیرەی خۆی جیابە و هەموو دەگەرێنەوە بۆ دەسەلاتی بنەماڵەی زاهیر بەگ ـ کە بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ ـ پیر خدری شاهۆ ـ ی بابیرە گەورەیان کە ئەویش لە ئێرانەوە هاتووە لە ناوچەی ـ جوانرۆ ـ وە . ئەمە پیاوێك بووە لە سەیدە هاشمیەکان لە سەرەتادا سەرۆکایەتیەکی ئاینی هەبوو دوایی بوو بە سێ شەوە .

١ ـ بەگزادەی بەگی ٢ ـ کەیخوسرەو بەگی ٣ ـ ولد بەگی .

خێڵی جاف لە ناکۆکیەکانی نێوان ئێران و تورکیادا رۆڵێکی دیاریان بوو سەبارەت بە سنووری ئەماعی ناوچەرگەری . لە هەموان زیاتر بابانیەکان سوودیان لی وەرگرتوون لە شەرو ئاژاوە بەردەوامەکانی ناوخویاندا . باری سیاسی ئەو ناوچانە لەم دواییەدا کارێکی وەهای کرد جاف ببن بە دوو بەشەوە ١ ـ جافی عیراق یا خود جافی مورادی ٢ ـ جافی ئێران یاخود جوانرۆیی جافەکانی عێراق لە ناوچەی شێروانەی سەر بە قەزای کفری دادەنیشن هەروەها لە ناوچەی شارەزووری سەر بە قەزای هەڵەبجە شاری سلێمانی بە ناو بانگترینیان ئەمانەن ، میکایلی ، رۆغزایی ، تەرخانی ، شاتری ، هارونی ، سەدانی ، یوداخی ، بەزدان بەخش ، نەجمەدینی ، گەلالی .

بەلام هەمەوەند ئەو خێڵە کوردەن لە کۆنەوە بە ئازایەتی ناوبانگیان هەبە لە ناوچەی چەمچەماڵ و بازیان دانیشتە جێن. ئەم ناوچەیە بە رێگای گرنگی نێوان کەرکوک و سلێمانیسە.
هەمەوەند لە خێڵە گەورەکان دادەنرێت. هەندێ دەلێن لە بنەرەتدا لقێکن لە جاف بونەتەوە. لە کتێبی ـ عشائر العراق الکردیة ـ دا دەلێت، شێوەی دواندنیان لە جاف دەچی. بەلام لە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی جیایە کە پێی دەلێن کرمانج.
لە رووداوە مێژوویییەکانی هەمەوەند لە مێژووی نوێی عیراقدا دوژمنکارانە بو دەسەلاتی پاشایەتی بەغدا. عومەر پاشای سەردار ئەکدەمی داوای بەغدا ناچار بوو هێرشیان بو بەرێ و درندانە لێیان بدات. ئەم کارەی بو بە هۆی لابردنی لە والیەتی. شەرێکی بەناوبانگیان هەبە لەگەل جاف، لە شوێنێك لە نێوان چەمچەماڵ و سلێمانیدا پێی دەلێن ـ گردەلاری ـ لەو شەرەدا کوری کەیخوسرەو بەگی جاف کوژرا.
(٢٤) سەمیرە ئەمیس شاژنی ئەفسانەیی ئاشور بووە خزمی عەشتاری خوداوەند. بەلام ـ ساردانابولس ـ ئاشور ـ بانیبال ـ ی پاشای ئاشوری کوری سەرحەدون ـ ە. لە ئینجیلدا بەناوی ـ ئەسنابر ـ ەوە ناوی هاتووە.
(٢٥) ـ مەهمەندار ـ واتە میواندار ئەو کەسەی میوان رابی دەکات.
(٢٦) دەلو ـ لە لاپەرە (١٧١) ی کتێبی ـ العشائر العراقیة ج ٢ ـ دا دەلێت دەلو لە دەوروپشتی کفری و خانەقیندا دادە ـ

نیشـــن • ماڵی بیرقەدار لەوێبە • سەرۆکەکەیـــان
ـ بیرق ـ ی بابان عەلدەگرێت ـ ئێستا ئەم ماڵە لە نزیــک
کفری یە •
(٢٧) زەنگەنە ـ لە لاپەڕە (٣٥٨) ی شەرەفنامەی بدلیس ـ
پەراوێزی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ـ دا دەڵێت (( ئەم خێڵە ـ
لە ناوچەی زەنگەنەکە بە ناوی خویانەوەیە دادەنیشـــن •
ئەم ناوچەیە سەر بە ناحیەی قادر کەرەم ـ ە ژمارەی خێزا ـ
نەکانی ـ ٨٠٠ ـ خێزانە و لە (٤٥) دێدا دەنیشن • ساڵی
١٨٣٤ سەرۆکیان ڕوستەم ئاغا بوو • ئەمڕۆ عبدالکریم ئاغاو
نەوەکانیەتی •
(٢٨) عەرەبستان ـ مەبەستی وڵاتی عەرەبە کە لە خوارووی
کوردستانەوە دەست پێ دەکات نەک عەرەبستانی خوارووی
ئێران • ١

J. Baillie Fraser

# Travels in Koordistan and Mesopotamia,

Richard Bentley, New Burling tonst

London 1840

anslated to kurdish

by

omed Ashna

1 9 9 6